# دەقئاوێزانی شێوازیی(هێمن، گۆران، قانع، هەردی)
# لە (ملوانکەی شین)ی شەریف حسێن دا

د.سامان جلال عزیز
بەشی کوردی - کۆلێژی زمان - زانکۆی سلێمانی
ژمارە و بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی: ٩١/٩/٢٧ لە ٢٠١٩/٥/١٢

**الملخص**

يتناول هذا البحث النتاج الشعري للشاعر الكردي شريف حسين في ديوانه: قلادة زرقاء (ملوانکەی شین) وعلاقات شعره التناصية مع نتاجات شعراء الكورد القدامى ک ال:( هێمن، گۆران، قانع، هەردی).

يُطَّبق الباحث في دراسته هذه منهج التناص خاصةً التناص الأسلوبي، أي علاقة نص أدبي بنصوص شعراء الأقدمون، لتبيان العلاقات الصريحة والخفية بين نصوصه ونصوص الشعراء المذكورين.

لقد تطرَّق كتاب عديدون الى مفهوم التناص بشكل عام او جوانب منه خصوصاَ: ميخائيل باختين(الحوارية)، رولان بارت (جيولوجيا النص)، يوليا كريستوفا، جيرارد جينيت(معمارية النص).

يُطبق الباحث منهج التناصي للتناص الأسلوبي في دراسته المسماة ب"التناص الأسلوبي ل(هێمن، گۆران، قانع، هەردی) في ديوان (قلادة زرقاء) ل شريف حسين "،حسب مفهوم ومباديء التناص.

تتألف البحث من مقدمة وفصلين، إضافة الى النتائج والمصادر مع مختصر باللغة العربية والأنجليزية.

يتألف الفصل الأول من الجانب النظري وسرد لأعمال الكتاب الأقدمين في هذا المجال، بينما خصصنا الفصل الثاني للتطبيقات أو تبيان الأسلوب الشعري ل:( قانع، هێمن) في (قلادة الزرقاء) والفصل الثالث للتطبيقات أيضا، تبيان الأسلوب الشعري ل: (هەردی، گۆران) في ديوان (قلادة الزرقاء).

**ABSTRACT**

This theses deals with: (Shereef Hsen's collection “Blue Necklace”(mlwankey sheen)), especially stylist intertextuality in it, which they depict his cultural and intellectual thoughts and they are nets from a lot of elements. This is direct reason for other texts associations by the mean of arouse previous poems of: (Hemn, Goran, Qanie, Hardi), either directly or indirectly in a new way. He tries to reproducing the former poems in a new artistic functional style.

Alot of scholars and critics studied the concept of intertextuality in general or in a specific unit of it, as: Mikhail Bakhtine (dialogisme), Barthe (geology of text), Kristiva, and Gerard Gennete (architexte).

In this research the method of intertextuality is applied -specifically stylist intertextuality and gets benefit from stylistc method also. The title of it, is called:”Stylist intertextuality -the poetic style, of: (Hemn, Goran, Qanie, Hardi) in Blue Necklace's collection of Shareef Hsen”.This is done according to concept, and principles of intertextuality.

This thesis consists of: introduction, two applied chapters:

Chapter one: It specified for Short and brief introduction about stylist phenomenons in poetry which is mentioned by scholars and critics.

Chapter two: it is an applicational chapter and entitled:”poetic stylist of Qanie, Hemn, in Blue Necklace's collection”.

Chapter three: it is an applicational chapter also, and entitled:”poetic stylist of Hardi and Goran in Blue Necklace's collection”.

At the end of the thesis, the most important conclusions resulted from this study are presented, and is followed by the list of references also.

## پێشەکی:

لەباسی شێوازدا، دەبێت ئەوە لەبەر چاو بگیرێت- کە شێواز تایبەتمەندیی مرۆڤ خۆیەتی،"جاری وا هەیە ستایڵ شەخسییەو دەبێتە نیشانەیەک و ئێمە بەوەدا نووسەرەکە دەناسینەوە"( پێتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ل٣٧٧). هەر لەم بارەیەوە کۆنت بۆفۆن گوتوویەتی:"شێواز بریتییە لە ئادەمیزاد خۆی"( ئیدریس عەبدوڵڵا، ٢٠١٠-٢٠١١، ل١٣)، بەم پێیە: هێندەی ژمارەی مرۆڤەکان شێوازیش هەیە. ئەمە بۆ هونەرمەندیش ڕاستە، کەواتە هەر هونەرمەندەو خاوەنی شێوازی هونەریی تایبەتیی خۆیەتی. زۆرجار هونەرمەندان لەسەرەتای ژیانی هونەرییاندا بەلاسایی دەست پێدەکەن و زۆرنابات وردە وردە دەبنە خاوەن ئەزموونی تایبەت بەخۆیان و ڕێچکەو شێوازیی تایبەت بەخۆیان دەدۆزنەوە، بۆیە گوتراوە "شێواز بریتییە لە ڕێگەیەکی تایبەت بۆ بەکارهێنانی زمان، بەشێوەیەک ئەو ڕێگەیە ببێتە سیفەتێکی جیاکەرەوەی نووسەرێک، یان قوتابخانەیەک، یان فەترەیەکی زەمەنی، یان ڕەگەزێکی ئەدەبی"(هەمان سەرچاوە، ل ١٤).

هونەرمەندێکیش نییە هەموو ئەوەی ئەیڵێت و ئەینووسێت هەرهەمووی هی خۆی بێت، کەواتە لەگەڵ بوونی شێوازی تایبەتی هونەرمەنداندا هەر نووسەرێک دەشێ لەم جێ یان لەو جێی بەرهەمەکانیدا شێوازی تایبەت بە نووسەرانی تر هەبن.

شێوازی تایبەتی نووسەرانی تر لەو بارانەدا ڕەنگدانەوەی دەبێ لە نووسینی نووسەرێکدا، کە ئەو نووسەرە ئاشنای بەرهەمی نووسەری پێشتر بێت و بەرهەمەکانی جێی سەرنجی بووبێتن و کاریگەرییان لە هەست و نەستی کردبێ، بۆیە بەئاگایانە بێت یان بێئاگا زۆرجار شێوازی نووسینی نووسەرێک لای نووسەرێکی تر دەبینرێتەوە. جار هەیە نووسەر بە ئاگاوە دەقێک هاوشێوەی پێشینێکی یان کۆپلەیەک، یا ڕستەیەکی شیعری یا شێوازێکی جوانی ئەو پێشکەشدەکاتەوە، ئەمەش پێی دەوترێت کێبڕکێی هونەریی یان ئەدەبیی، یان باڵای خۆ بەقەد باڵای ئەوی تر گرتن، کە ئەەمەش پێشبڕکێیەکی شەرعی و ڕێپێدراوە.

ئەوەی لەم توێژینەوەیەدا تیشکی دەخرێتە سەر لایەنی شێوازی نووسینی نووسەرێکە لە نووسەرەکان کە لای شاعیری دواترهاتوو هەستی پێدەکرێت بەو واتایەی:" ستایڵ دەنگ و ئاوازەی خودی نووسەرە، تایبەتە بە کەسایەتی ئەوەوە، وەک پێکەنینی، ڕۆیشتنی، دەستنووس و تەعابیری دەموچاوی، ستایڵ خودی- هونەرمەندەکەیە"(پێتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ل ١٧٠)، کە بەشێوەیەک لە شێوەکان لە بەرهەمی ئەوی تردا دەبینرێتەوە.

لەم توێژینەوەیەدا بەتایبەتی تیشکی سەرنجمان ئاڕاستەی شێوازی هونەریی نووسەران، یان شێوازی شیعریی شاعیران کراوە."شێوازیش ... دابەشکراوە بۆ چەند جۆرێک، کە ئەم دابەشکردنە یارمەتیدەریی تێگەیشتنە لە چەشنی شێواز: ١- بەگوێرەی قۆناغ، وەک: میتافیزیکی، ئۆگەستیانی... هتد. ٢- بەگوێرەی نووسەرەکان، وەک: ستایلی

شیشـرۆنی، چۆسـەری، میلتـۆنی... هتـد. ٣- بەگـوێرەی زمـانەکەی، وەک: زانسـتی، شـیعری، ڕۆژنـامەوانی... هتـد. ٤- بەگوێرەی ئاست، وەک: بەرز، مامناوەند، نزم... هتد"( سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٠).

"شیکردنەوەو خەملاندنی ستایڵ، تاقیکردنەوەی نووسەرە لە چۆنیەتی هەڵبژاردنی وشەدا، شێوەی زمـانەکەیەتی، لادانیەتی(هـی ڕەوانبیـژی و لایەنەکـانی تـر)شـێوازی ڕسـتەکانی...، شـێوەی پەرەگرافەکـانی – لە واقیعـداو بە کـورتی هەموو ڕواڵەتەکانی دەربڕینی زمانەکەی و چـۆنیەتیی بەگەڕخسـتن و بەکارهێنانیـانە، لەڕووی سـینتاکس، وێـنە، ڕیـتم یان بەکارهێنانی ڕەگەزەکانی ناسکبێژییەوە... هتد"(هەمان سەرچاوە، ل ١٦٩).

گیروگرفتی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە هەوڵـی چارەسـەرکردن و دیـاریکردنی ئەو شـێوازە تایبەتییـانە دەدات، کە هی شاعیرانی ترن و لەنێو شیعرەکانی دیـوانی ملـوانکەی شـین دا هەن، جگە لە شـێوازی تـایبەتی خـودی شـاعیر (شەریف حسێن پەنـاهی) خـۆی. واتە لەلایەکەوە سـوودی لێبینیـون بـۆ چنینـی دەقەکـانی و لەلایەکـی تـرەوە دەشـێ کێبڕکێی ئەدەبی لەگەڵدا کردبێتن.

سنووری توێژینەوەکە: سنووری توێژینەوەکە نامیلکەی (ملوانکەی شین)ی شاعیری ڕۆژهەڵاتی کوردستان شەریف حسـێن پەنـاهییە، کە لە چەنـدین شـوێنی دەقەکانیـدا هەسـت بە دەقئـاوێزانکردنی شـێوازی شـیعریی شـاعیرانی نێـو جوغزی ئەم توێژینەوەیە دەکرێت، کە بریتین لە: (هێمن، گۆران، قانع، هەردی).

ڕێبازی توێژینەوەکە: ئەم توێژینەوەیە بەپلەی یەکەم بەپێی میتۆدی دەقئاوێزان ئەنجامدراوە، لەلایەکی تریشـەوە پشت بەستووە بە میتۆدی شێوازناسی، چونکە تیشکی سەرنجی دەقئاوێزانکردن بۆ سەر شێوازی شیعریی شـاعیرانە، هەروەها لەکوێدا بەپێویست زانرابێت سوود لە میتۆدەکانی تر بینراوە وەک بونیادگەریی.

**بەشی یەکەم: چەند ڕەگەزە پێکهێنەرێکی شێوازی شیعریی:**

ئەم توێژینەوەیە تایبەتە بە دەقئاوێزانی شێوازی، بۆیە چەند سەرنجێکی نووسـەران – سـەبارەت بە ڕەگەزەکـانی بواری شێوازیی، دەخەمەڕوو، کە لە کارەکانیاندا پێشکەشیانکردووین بەپێی ئەو ڕەگەزانەی خودی شێوازی شـاعیرانی نێو جوغزی ئەم توێژینەوەیە پێکدێنن و شەریف حسێن لە دیوانی (ملوانکەی شین)دا بە تایبەتی سـوودی لێبینیـون و لە چنینی دەقەکانیدا بەکاریهێناونەتەوە:

ئەحمەد ناهم لە پاری یەکەمی بەشی سێیەمی نامەکەیدا کە بەناوی : دەقئاوێزانی ستراکچەریی (التناص البنـائی)ە جۆرێک دەقئاوێزانی دیاریکردووە بەناوی دەقئاوێزانی ژانریی (التناص الأجناسي)و دەڵێت:'مەبەسـت لە دەقئـاوێزانی ژانریی (نێوان ژانرەکـان) ئەو پێکدا چـوونەیە، کە لە نێـوان ژانـرە ئەدەبیـیە جیاوازەکانـدا ڕوودەدات، وەک تێکئـاڵانی شیعر لەگەڵ هونەریی چیرۆک و گوتارو هـونەریی ژیانـنامە بـۆ نمـوونە، هەروەهـا ئەو پێکـداچوونەی لەنێـوان خـودی ژانرێکیشدا ڕوودەدات، وردتر وەک ئەوەی بە شێوەیەکی دیاریکراو لەنێوان شێوە جیاکانی ژانرێکـدا، بـۆ نمـوونە وەک ئەو پێکداچوونەی لەنێوان شیعری ستوونی و شیعری ئازاددا هەیە، کە جیرارد جینێت ئەم جۆرەی دەقئاوێزان دەخاتە نێو کایەی باڵابوونی دەق(التعالي النصي)یەوە*؛ لە هێنانەوەی نموونەیەکدا لە جۆری دەقئاوێزانی شیعری ئـازاد لەگەڵ

* یەکێک لە هەوڵە دیارەکانی بواری دەقئاوێزان، کارو ڕاکانی ج. جینێتە، کە گەشـەی بە چەمـکەکە دا، بەتـایبەتی لە سـاڵی ١٩٨٢دا، کە زاراوەی باڵابوون یان تێپەڕاندنی دەقی (المتعاليات أو التعدية النصية)ی بەکارهێنا، تا جێی دەقئاویزانی لای یولیا کریستیڤا بگرێتەوە. بەو مانـایەی کە خـۆی دەیلێـت: ئێسـتا دەقـم بەلاوە گـرنگە لەڕووی بـاڵابوونی دەقیـیەوە... هتـد. بەو شـێوەیە ج. جینێـت ئامـاژە دەکـات بـۆ ئەوەی نـاوی نـاوە باڵابوونی دەقـی (التعـالي النصي)و دەڵێـت: کە دەق پەیوەنـدی، لەگەڵ دەقەکـانی تـردا پەیـدا دەکـات، جـا ئاشـکرا بێـت یـان شـاراوە. زاراوەی دەقئاوێزان لای ئەم دەچێتە نێـو سـنووری زاراوەی بـاڵابوونی دەقییـەوە: کە مەبەسـتی لە زاراوەی دەقئـاوێزان ئامـادەیی ئاخـاوتنی دەقـێکە

شیعری ستوونی نموونەیەکی سەیبابی بەناوی (إقبال والليل) هێناوەتەوە، کە جۆری سەروای شیعری ستوونی و شیعری ئازادی تێکئاڵانووە دەڵێت: دەقئاوێزانەکە لێرەدا لەسەر ئاستی شێوەی دەرەوەیە لە نێوان هەردوو شێوەکەدا، کە شاعیر شیعری ستوونی و ئازادی تێکەڵکردووە، گەرچی ئەو تێکەڵکردنە ڕوونە یان دەرکەوتووە بەهۆی لێکدابڕینی پارچە ستوونییەکە لە پارچە ئازادەکە. لەم دواییانەدا بەم دیاردەیە وتراوە: دەقئاوێزانی ئاوازەیی (التناص الايقاعي)'(احمد ناهم، ٢٠٠٤، ل٨٦-٨٨).هەروەها نموونەیەکی تری لەم چەشنە دینێتەوە بەناوی دەقئاویزان لەگەڵ هونەری گوتار (الخطابة)دا و دەڵێت: نزاکردن بەشێکی گرنگی وتاری ئاینی پێکدێنێ، کە زمانێکە گفتوگۆی پێدەکرێت لە نێوان مرۆڤ و درووستکەریدا، کە لە مرۆڤەوە داوای لێخۆشبوون ئاڕاستە دەکرێت یان داوای دەستکەوتنی پێویستییەکی دیاریکراو، لە نوێژ یان کاتی تردا، شیعر سوودی لەم شێوازە بینیوە... نموونەش بۆ ئەم شێوازەی دەقئاوێزان لە قەسیدەی نزای مرۆڤ (دعاء الانسان)ی (شاذل طاقة)یە

يا إله الحزائن أعني على محنتي ئەی خوای دڵتەنگی ناڕەحەتییەکانم لەسەر لابەرە

يا الهى ... وبارك صعودي الى ئەی خوایە... بەرزکردنەوەم پیرۆزکە بۆلای

الجلجلة ... زاتە گەورەکە ...

کە ناونیشانەکەو پێشەکی دەقەکە لەگەڵ گوتاری زارەکییانەی نزاکردن پێکداچوون لەڕێی گۆڕینی بۆ بەرژەوەندیی شێوازی شیعریی. کە ئەمەش لە قەسیدەی چاوانی سەگە تۆپیوەکان(عيون الكلاب الميتة)ی بەیاتیدا ڕوویداوە:

رباه ! أخرجنا من الظلمات خوایە! لە تاریکییەکان دەرمان بێنە

من شرك اللصوص لە شەریک پەیاکەریی دزەکان

. .

. .

والعقم والاوساخ والعار المقيم و نەزۆکی و پیسی و لە لەکەی پێوەنراو(هەمان سەرچاوە، ل ٨٩-٩١)

شیعر سوود لە شێوازی تۆمارکردنی یادەوەرییەکان (مذكرات)و ژیاننامەی خودی (السيرة الذاتية)دەبینێ. کە شاعیر پشت دەبەستێ بە بەشبەشکردنی دەقەکەی بەپێی ئەو مێژووەی ڕووداوە تایبەتەکانی تێدا ڕوودراوەو گێڕانەوەکە لەسەربنەمای ڕاناوی قسەکەر ئەنجامدەدرێ، کە ئەم جۆرەی دەقئاوێزان زۆر دەگمەنە کە لە قەسیدەی یادەوەرییەکانی پیاوێکی نادیار(مذكرات رجل مجهول) ی بەیاتیدا ئاماژەی پێدەکەین:

٨ نيسان انا عامل ادعى "سعيد" ٨ ی نیسان من کرێکارێکم بە"سەعید" بانگ دەکرێم

من الجنوب خەڵکی باشوورم

. .

. .

١٣ مايس ١٣ ی مایس

اعرف معنى ان تكون واتای بوون بە

متسولاً عريان في ارجاء عالمنا الكبير گەدایەکی ڕووتەڵە لەم جیهانە گەورەیەماندا دەزانم

---

لەناو دەقێکی تردا بەشێوەیەکی ڕێژەیی تەواو یان ناتەواویش بێت(بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، ٢٠١٤، ل٤٢-٤٣).

.                                          .

.                                          .

١٦ مایس                                   ١٦ ی مایس

.                                          .

.                                          .

١٣ حزیران                                 ١٣ ی حوزەیران

...     "                 (سەرچاوەی پێشوو، ل٩٢)

لەم چەشنە شێوازانە، کە شاعیر قەسیدەیەکی بەش بەش بکات و ژمارەی بۆ هەر بەش و کۆپلەیە دابنێت، یان ناونیشانی تایبەت بۆ هەر بەش و کۆپلەیە دابنێت، جا بەشێوەی یادەوەری بێت یان لەسەر شێوازی دیمەن دیمەنکردنی سینەما یان شانۆ؛ دەچێتە خانەی بەکارهێنانی ڕەگەزو شێوازی تایبەتی ژانرێک و سوود لێبینینی بۆ شیعر. ئەم تایبەتمەنییە شێوازییە لەلای شاعیرانی نێو جوغزی ئەم توێژینەوەیە بەشێوەیەک لە شێوەکان دەبینرێتەوە، وەک لای :گۆران ( گەشت لە هەورامان ل١٢٧- ١٣٤ کە پێکهاتووە لە (١٠)دیمەن و هەر دیمەنە ناونیشانێکی تایبەتی خۆی هەیە، گەشت لە قەرەداغ ل ١٣٥-١٥٥ پێکهاتووە لە (٢١) دیمەن کە هەر دیمەنەی بە ژمارەیەک جیاکردۆتەوە لە ژمارە یەکەوە بەزنجیرە دەست پێدەکات تا دەگاتە ژمارە (٢١)، پەیامی کورد ل ٢٥٣-٢٦٢ پێکهاتووە لە (٨) کۆپلە کە بە ژمارە بەشبەشی کردوون لە (١)بۆ (٨)، بت بتەوان ل٢٨٢-٢٩٢ پێکهاتووە لە (١٠) بەش لەڕێی هێمای داش(-)ەوە، کە لەسەرەتای بەشە نوێکاندا دایناوە، بەشەکانی جیاکردۆتەوە، تەنیا کۆپلەی هەشتەم نەبێت ناونیشانی بۆ داناوە بە (١٤ ی تەمووز) پێش شۆڕش و دوای شۆڕشی لێکجیاکردۆتەوە(دیوانی گۆران، ١٩٨٠)، گۆران چەندین شیعری تری هەیە بە ئاماژەیەک بەشبەشی کردوون، بەڵام ئەوانە لەڕووی شێوازی هونەرییەوە لە ئاستی ئەم چوار نموونەیەدا نین، هەروەها لای ئەحمەد هەردی لە شیعرەکانی: (ئەی دیدە پەری ل ٥١-٥٢ پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، تانگۆی کوردی ل ٥٣-٥٤ پێکهاتووە لە (٢) کۆپلە، شۆڕشی نائومێدی ل ٥٥-٥٦) پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، دڵێکی تێکشکاو ل ٥٨-٦٣ پێکهاتووە لە (٥) کۆپلە، چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە ل ٦٨-٦٩ پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، دوو چەشن دڵداری ل ٧٠-٧١ پێکهاتووە لە (٥)کۆپلە، تەپڵی بەتاڵ ل ٧٢- ٧٦ پێکهاتووە لە (١٣)کۆپلە، ڕازی تەنیایی ل ٧٩- ٨٠ پێکهاتووە لە (٣)کۆپلە ، پەیامی یار ل ٨٥ پێکهاتووە لە (٣)کۆپلە:( ئەحمەد هەردی، ١٩٩١))، هەرچەندە هەردی نە ژمارەو نە ناونیشانی بۆ جیاکردنەوەی بەشەکان دانەناوە تەنیا بەهێمایەکی سادە لێکی جیاکردوونەتەوە، بەڵام بەبڕوای من لەڕووی شێوازی هونەرییەوە نموونەیەکی شیاون بۆ ئەم بابەتە دەشێ بڵێین هەردی ئەم شێوازەی پەیڕەو کردووە، هێمنیش لە سێ شیعریدا، تێکڕای شیعرەکانی کردووە بە چەند بەشێکەوە لەڕێی ئاماژە خستنە نێوان بەشەکانەوە، وەکو:(بناری هەڵگورد ل ١٨٦-١٨٨ پێکهاتووە لە (٦) کۆپلە، ناڵەی جودایی ل ١٩٩-٢٠٤ پێکهاتووە لە (٩)کۆپلە، سووڕی دەوران ل ٢١٩-٢٣٥، پێکهاتووە لە(٢٤) کۆپلە)(دیوانی هێمن موکریانی ، ٢٠١٥)، بەڵام نە ناو نە ژمارەی بۆ دانەناون و جۆرە جیاوازییەکی واش لە نێوان کۆپلەکاندا نین ، بۆیە بەڕای من نابنە نموونەیەکی دیاری ئەم شێوازەو هۆی ئەم بەشبەکردنەشی بۆ درێژی شیعرەکان دەگەڕێتەوە، کە پێدەچێت لە یەک دانیشتندا بە یەک نەفەس نەیگوتبن، بۆیە وا بەشبەش دایناون، واتە وەک شێوازێک نین لەلای هێمن. هەروەها  قانع دوو نموونەی نزیک بەم شێوازەی هەیە، وەک: (چوار کەژی ساڵ ل٢٣٤-٢٣٩، پێکهاتووە لە (٤) بەش هەر بەشە بۆ وەرزێکە، هەرچەندە وەرزی هاوینی تیا نییەو

لەپەراوێزدا دانەر ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کە: (بەداخەوە لەکاتی خۆیدا شیعری هاوینەکەمان لەلا ون بووە)*، خەونێک لە دەروونما ل ٤٦٩-٤٧١ پێکهاتووە لە (٤) بەش(دیوانی قانع، ٢٠١٤)- قانع چەندین شیعری تری هەیە لەسەر شێوازی گفتوگۆیە بۆیە هەستدەکرێت بەپێی نۆرەی قسەکردن لە گفتوگۆدا بەشە بەشکراوە وەک: قانع و لێفەکەی ل ٥٦٣-٥٦٥و ... هتد، بەڵام ئەم شێوازە ناکەوێتە چوارچێوەی ئەم شێوەیەوە). نموونەیەکی گۆران وەک:

دیمەنی ڕێگاو بان

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،

ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش؛

.

.

ڕێگای ناو باخ

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دێ

ئەکشێتە ناو باخ تووڵە ماری ڕێ. دیوانی گۆران- گەشت لە هەورامان، ل ١٢٧-١٢٨

هەروەها شیعر سوود وەردەگرێت لە شێوازی درووشمەکان (الشعارات): ئەمانە نووسراوی ڕۆژانەی دیاریکراوی سیاسیین، لە خۆپیشانەکاندا دەوترێنەوە، کە شیعر سوودیان لێدەبینێت. چونکە ئەمانە دەبنە چەق و ناوکی ناوەوەی (Intra nuclearies) بۆ نموونە گواستنەوەی دەنگ و درووشمەکان بۆ ناو دەقی نووسراو. ئەم جۆرەی دەقئاوێزان دەگمەنەو لە قەسیدەی دەرگای داگیرساوی(باب المضاء)ی بەیاتیدا دەیخەینە ڕوو، کە دەڵێ:

| | |
|---|---|
| من أنت؟ ماذا كنت تهتف؟ ايها النزل اللئيم | تۆ کێیت؟ چ هوتافێکت دەکێشا؟ ئەی خوێڕی پیس |
| والجند والخوذ الحديد | سەربازو کڵاوی ئاسن و |
| والاصدقاء الميتون | هەڤاڵانی مردوو و |
| يا سقط المستعمرون | ئەی بۆ بڕوخێی ئیستیعمارییەکان و |
| ومنظمات دفاعهم، يا يسقطون... ل ٩٤ | ڕێکخراوە بەرگریکارەکانیان، ئەی بۆ بڕووخێیان |

هەروەها لە شێوازی چاوپێکەوتنی ڕۆژنامەوزانی (اللقاء الصحفي)یش: شیعر دەقئاوێزان دەکرێت لەگەڵ ئەو شێوازەی ڕۆژنامەنووسەکان و بێژەرەکان لەکاتی چاوپێکەوتندا بەکاریدەهێنن لەگەڵ کەسایەتییە ئەدەبی و ڕۆشنبیرە ناودارەکاندا ، کە گفتوگۆکە بەهۆی پرسیارو وەڵامەوە دەکرێت...، وەک: زۆربڵێیی لە شەقامە درێژەکە(ثرثرة في الشارع الطويل)ی شاعیر (الحيدري):

| | |
|---|---|
| أ مؤلم ان تلبس الحذاء كل يوم ... ؟ | ئەرێ بە ئازارە هەموو ڕۆژێک پێڵاو لەپێ بکەی... ؟ |
| - أجل ... أجل اكره ان انزعه | - وایە... وایە ڕقم لە داکەندنێتی |
| اكره ان البسه | ڕقم لە لەپێکردنێتی |
| . | . |
| ... هتد | ... هتد (احمد ناهم، ل٩٣-٩٤) |

* بڕوانە: دیوانی قانع ل ٢٣٤.

شێوازێکی تر بریتییە لە دەقئاوێزانکردن لەگەڵ، یان سوودوەرگرتن لە هونەریی چیرۆک: دەقی ئەدەبیش نابێتە دەقی گێڕراوە، هەتا ئەم ڕەگەزانەی تیا نەبێت:١- کات (الزمان). ٢- شوێن (المکان). ٣- ڕووداو (الحدث). ٤- کەسایەتی (الشخصيات).

کات و شوێن دوو ڕەگەزن لەڕێی گفتوگۆوە بەشداری لەگەڵ ڕەگەزەکانی تردا دەکەن وەکو ڕووداوو کەسایەتییەکان بۆ جێبەجێکردنی تواناکانی بەچیرۆکبوون(هەمان سەرچاوە، ل ٩٥).

وەک: لای هەردی لە شیعری (تەپڵی بەتاڵ، ل ٧٢-٧٦)دا کە ڕەگەزەکانی: کات وشوێن و گفتوگۆی لە شیعردا بەکارهێناوە، بەوەش دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ ژانری چیرۆک و شانۆدا کردووە، سوودی لە تایبەتمەندی ئەو ژانرانە لە داڕشتنی شیعرەکانیدا بینیوە؛ بۆ نموونە:

بەم جۆرە <u>ئەڕۆیشت</u> و لەبەر خۆیەوە <u>ئەیووت</u>:

.

.

<u>لەوڕۆژەوە</u> هەرچی کە ئەزانی و نەئەزانی
لەو کۆشکە هەڵی ڕشت و فرۆشتی بە نیهانی

.

ئەوسا قسەکەی هاتەوەگوێ، زۆر بە زوڵاڵی
تۆ دەنگی دەهۆڵێکی، وەیا: تەپڵی بەتاڵی.. ! تەپڵی بەتاڵ، ل ٧٢-٧٦

یسری خلف حسینیش باسی چەند ڕەگەزێکی کردووەو لەبابەتی دەقئاوێزانکردن لەگەڵ ژانر (الاجناس)ە ئەدەبییەکانی تردا دەڵێت: بۆماوەیەکی دوورودرێژ دەقی شیعریی گشت دیاردە ئەزموونگەریی (تەجریبیی)ەکانی پیادەکردووە بەمەبەستی نوێگەری و هاوچەرخێتی، لەوانەش سوودی لە هونەرەکانی تر بینیوە، لەوەشەوە هەنگاوی یەکەمی ناوە بەمەبەستی تاک و دەگمەنی و گەڕان بۆ جیاوازبوون، تا لەوانی تر نەچێت.

توێژەر یسری خلف لەبابەتی دەقئاوێزانکردن لەگەڵ ژانرە ئەدەبییەکانی تردا دێتە سەر باسی: پێکداچوون لەگەڵ (چیرۆک، شانۆ)دا و دەڵێت: "شیعر لەگەڵ هونەری چیرۆکدا بەڕادەیەک پێکدا چووە، کە هەردوو ژانرەکەی کردۆتە جمکێکی نێو چنینێکی داهێنەرانەی تاک و دەگمەن، کە قەسیدەی چیرۆکی (القصيدة القصة)ی بەرهەمهێناوە"( یسری خلف حسین، ٢٠٠٢، ل١٢٦).بەکارهێنانی بنیاتی کۆپلە بەو پێیەی کە کۆپلەی شیعرین و ئاخنراوی ڕەگەزی چیرۆکن، وای لەهونەری شیعری کردووە پێکدا بچێت لەگەڵ هونەری سینەمادا لە دەورەیەکی کۆتا نەهاتوودا (دورة سرمدية)، هەر کە چەمکی ژمارەکردنی کۆپلەی شیعریی((١)، (٢)، (٣)) کە بە دڵنیاییەوە هی سینەمایە و چالاکبوونیشی لەناو دەقی شیعردا، گەر ڕۆبچینە ناو دەقە پێشینەکەوە زیندوێتی دیمەنەکەی تێدا دەبینینەوە لە گوزارشتکردن لە ماوەیەکی کاتیی دیاریکراو:

| -٢- | -٢- |
|---|---|
| من أقطار اللّيل أتيت... | لەهەرێمەکانی شەوەوە هاتووی... |
| بساتيني مثقلة بثمار الفرح الوحشي... | ڕەزەکانم قورس بوون بەبەری خۆشییە کێوییەکان.. |
| حقولي تبکي... | کێڵگەکانم دەگرین... |
| لو تتعَرى الاشجار. | گەر درەختەکان ڕووت بنەوە. |

کۆپلەی ژمارە کراو بە (٢)، چیرۆکێکی شیعریی پێشکەش دەکات لەلایەکەوەو دیمەنێکی سینەمایی لەلایەکی ترەوە، کە لەگەڵ کۆپلەی پێشوو ژمارە (١) شانیان داوە بە شانی یەکەوە بۆئەوەی فلیمێکی شیعریی ڕەنگاوڕەنگ پێکبهێنن، کە گوزارشت بکات لە کەسایەتی حەنا سەکران(حنا سكران)، کە لە ناونیشانی دەقەکەدا ئاماژەی پێداوە.

هەروەها کردنەوەی ناونیشانەکە بە (پلانەکان/ تخطيطات) جۆراوجۆری کۆپلەکان و جیاوازییەکان دەنوێنێت لە بنیاتی چیرۆکدا، کە هەرژمارەیەک پلانێکی نوێ لە پلانەکانی حەنا سەکران دەنوێنێ(هەمان سەرچاوە، ل١٢٩). کەناونیشانی دەقەکە لە لاپەڕە ١٢٨ دایە : "من تخطيطات حنَّا السكران على حيطان الذاكرة"یە( هەمان سەرچاوە، ل ١٢٨).

لە دەقێکی تردا توێژەر ئاماژەی بۆ پێکداچوونی نێوان شیعرو دراماش کردووە لە پێکداچوونی کۆپلەی پێنجەمدا لەگەڵ دراما، کە تەنیا لە پێکداچوونی دیالۆگی شیعریی لەگەڵ هی درامایی یان دیکۆر یان کەسایەتی پێکنەهاتووە، بەڵکو پێکداچوونێکی قووڵترە لەڕووی شیعرییەتەوە بەوەی لەلایەن شاعیرەوە تێبینی دراوە (یان شاعیر ئاگادارکردنەوە دەدات) لە کارایی دەرهێنان و دەرهێنەری شیعری لە دانی ئاڕاستەکردنی گوتارەکەیدا، هەروەها شیعرییەتی ئاڕاستەکردن دەنوێنرێت لەڕووی دابەشکردنی کەسایەتییەکانەوە((وەستانی خاتوونێک لە ناوەڕاستدا، دیکۆرەکەشی: شانۆ دابەش دەبێت بۆ دوو بەش ، کە لە پێشەوە خاوەن کار ، کەسە ناودارەکان، ڕۆژنامە کەشخەکان/ لەبەشی دواوەی شانۆکەش ... هەژارەکان، چەکەکان، کتێبی شۆڕش بەڕێوەیە)). لە کۆپلەی شەشەمدا دەرهێنانی شیعریی پێشکەشکراوە لە دابەشکردنی کەسایەتییەکان و دیاریکردنی ڕۆڵەکانیان لەناو کەشی شانۆی شیعرییدا.

يأتيك الباعةُ..ينتشرون على أطراف قميصك(فرۆشیارەکان بۆ لات دێن..بەدەوری کراسەکەتدا بڵاودەبنەوە).

کارایی دەرهێنان بەڕادەیەکە کە تەوزیفی مۆسیقاش دەکات لەناو شانۆکەدا تا بینای درامای شیعریی پێک بێ.

وتدخل أغنية السوق المألوفة.. خيمة عرسكِ گۆرانییە ناسراوەکەی بازاڕ.. خۆی دەکات بە ڕەشماڵی بوکێنیتدا

للسيدة الملكة بۆ خاتوونە شاژنەکە

رائحة النعناع و ضوء القمرِ الصيفي. بۆنی نەعنا و ڕووناکی مانگە هاوینییەکە.

بەم شێوەیە لە سێ دەقی شیعرییدا ئامرازەکانی دراما بۆ دەوڵەمەندکردنی دەقە شیعرییەکە پێکدا چوون و توانا جۆربە جۆرەکانی دراماش خزمەتی دەقەکە دەکەن لە خوڵقاندنی تاکی و دەگمەنیدا(سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٠).

حافظ المغربیش چەند شێوازێکی تری باسکردووە کە لە شیعردا سوودی لێبینراوە، بۆ نموونە دەڵێ: ئەگەر هەستمان کرد هەموو بەیتەکان کەوتوونەتە ژێرکاریگەریی بیانای وشەی مەرجی ئەگەر(اذا)وە بە پەراوێزە دەلالییە یەقینییەکانیشەوە، ئەوا هاوسەنگیی(دەقئاوێزان)ەکە بەهێزتر دەبێت... هاوسەنگییەکە دەگۆڕرێت بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی دەقئاوێزان کە ناسنامەی هەر بەیتێکیان بە تەنیا ڕەت ناکاتەوەو لەنێوانیشیاندا شێوە گفتوگۆی ڕۆڵگۆڕینەوە پێکدێنێت(حافظ المغربي، ٢٠٠٩، ل٤٨). وشەش میراتێکی سووکەڵەی بزواوە لە دەقێکەوە بۆ دەقێکی تر، هەتا توانای هەیە لە مەدلولێکەوە بۆ مەدلوولێکی تر بڕوا، کە گۆڕینی ناسنامەکەی- بەپێی ئەو سیاقەی تێیدا بەکاردێت، قبوڵ دەکات ، کە سیاق هەوڵێکی داهێنەرانەیە، داهێنەر دەیهێنێتە کایە(هەمان سەرچاوە، ل٤٠). بەهێزترین ئاماژەو لەپێشترینیشیان بۆ پێکداچوون، نیشانەی سەروایە، چونکە سەروای شیعریی عەرەبی حوکمی بنیاتی دەنگیی دەکات و ڕەویەش سوڵتانێکی باڵایە لە هەڵبژاردنی وشەدا، ئەگەر دەنگی ڕەویەو کێش لە ڕێکخستنی سەروادا ڕێککەوتن لەڕووی دەنگ و ئاوازەوە ئەوا هەلی پێکداچوون زۆر زیاتر دەبێت(هەمان سەرچاوە، ل٤٢).

محمد عبدالرضا شیاع دەڵێت:جیاوازی لەنێوان نووسەرو خودی خۆیدا وەک جیاوازی نێوان ژیان و مردنە، ئەمە سەرەڕای حەتمیەتی ئەو پەیوەندییە جێ مشتوومڕە(جەدەلییە)ی نێوانیان، کاتێک خوێنەرێک لە دەقەکەیدا شوێنی دەگرێتەوە دەبێتە میوانێکی ناو لاپەڕەی دەقەکە، بۆیە لەدایک بوونی خوێنەر پەیوەستە بە مردنی نووسەرەوە(محمد عبدالرضا شیاع، ٢٠١٣، ل ٣٣٦). هەروەها دەڵێت: گومانی تێدا نییە لە شێوازو زماندا جیاوازیی لە نووسەرێک بۆ نووسەرێکی تر هەیە، هەموو داهێنەرێک فەرهەنگی زمانی خۆی و ڕەمزی شیعریی تایبەتی خۆی هەیە، کە لێکیان نزیک دەکاتەوە وەک لێکنزیککردنەوەی ئەو دوانانەی تامردن لێک جیانابنەوە. ئەمە ئەو پەیوەندییە مشتوومڕهەڵگرە نەبڕاوەیەی نێوان خودی نووسەرو ئەوەیە کە دەینووسێت: کەشی پێکەوەهاتن و ڕووهەڵماڵینێتی باهەرچەندێکیش ڕێگاکە تاریک و توونەک بێت(سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣٧).

لەم بارەدا دەقی پێشینە (خراوە بەرباس) خاوەن تایبەتمەندیی توانای دنەدانە(بزواندنە)، نەک تەنیا لەسەر ئاستی دەروونی، بەڵکو دەشێ لەسەر ئاستی باوەڕ یان ئینتیماش بێت، یان بە ئامانجی مامەڵەکردن لەگەڵ دەقی پێشینە مامەڵەیەک یادەوەریی وەرگر بورووژێنێت و پاڵپێوەبنێت بۆ دژایەتیکردنی بەجۆرێک لەم هەڵوێست بۆ ئەو هەڵوێست بیگۆڕێت، هەروەها لەم هەستیاری بۆ ئەویتر(هەمان سەرچاوە، ل٤٠٨).

هەر لە باسی شێوازدا کە شیعر سوودی لە شێوازی هونەریی یاخود ژانریی ئەدەبی تر بینیوە: هەڵمەت بایز، لە کتێبی دەقئاوێزان لە ڕۆمانی دواهەمین هەناری دونیای بەختیار عەلی دا وتوویەتی: یەکێک لە تایبەتمەندی ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)گێڕانەوەی حیکایەتێکە، کە هەمان تەکنیکی حیکایەتی (هەبوو نەبوو) وەک دەستپێکی تێدا هەیە و (دەروێش و عەوداڵی و کوڕە پاشا) وەک کەرەستە زۆرجار لە حیکایەتی فۆلکلۆریدا بەکارهاتوون(هەڵمەت بایز، ٢٠١٣، ل٣٣٥). بەوردبوونەوە لە ئەفسانەی ڕەسەن بۆت دەردەکەوێت، کە ئەم (هەبوو ... نەبوو)ە، کلیل و سەرەتایەکی ڕەسەن و بنەڕەتی ئەفسانەیە، نەک هەر تەنها ئەفسانەی کوردی، بەڵکو ئەفسانەی گشت جیهان، لێرە ئەگەرچی ئەفسانەی جیهانی بەم (هەبوو... نەبوو)ە وەک زۆر خاڵی تر یەکدەگرنەوە ، بەڵام هەر میللەتەو تایبەتمەندیی خۆشی هەیە: بڕوانە: د. مەولود ئیبراهیم حەسەن، پێکهاتەی ئەفسانەی کوردی ، چ یەکەم، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی ، ٢٠٠٧، ل ٢٠٢- ٣٠١. هەروەها لە ئەدەبیاتیش لە دەرەوەی ئەدەبی فۆلکلۆریی بەکارهاتووە، بۆ نموونە لە دەستپێکی ڕۆمانی (وێنەیەکی هونەرمەند، جیمس جۆیسە زمانی ئینگلیزی بە (ones upon a time) دەست پێدەکات، واتە بە هەبوو نەبوو دەست پێدەکات(هەمان سەرچاوە، ل٣٣٥).

گێڕانەوە... زۆر لە تەکنیک و شێوازی تازەی بەخۆیەوە بینیوە. یەکێک لەو شێوازە نوییانەش لە ڕۆماندا بریتییە لە (میتا ڕۆمان)، کە شێوەیەکی نوێی گێڕانەوەیە، خۆ ئاشکراکردنی ڕۆماننووسە لە خوێنەرو بەشداریی پێکردنی خوێنەرە لە دەقەکەدا... ، ئەم شێوازە بە جۆرێک دەخرێتە ڕوو، کە خوێنەر بگەڕێتەوە سەر لاپەڕە بەجێهێشتراوەکان و ... زیاتر خوێنەر بەئاگا دێنێت. بەکارهێنانی ئەم جۆرە شێوازە لای عەتا نەهایی و لای عەبدوڵڵا سەراج لەپێش بەختیار عەلی بەکارهاتووەو پێشتریش لای (جۆنز ڤاوڵز، فلان ئۆبرین، ئاندرێ جیر، ... هتد )بەکارهاتووە، کەواتە لە ئاستی بونیادی دەقەکەو بەکارهێنانی لای بەختیار عەلی وەرگیراوەو ئاوێزانبوونێتی لەگەڵ ئەزموونەکانی پێشتر(هەمان سەرچاوە، ل٢٧٧) گەرچی ئەمە وەک وەرگرتنی کارەکانی پێشترو بەکارهێنانەوەی جارێکی تری شێوازەکەیەو ئەزموونکردنێکە، بەڵام ... تێپەڕاندنی کارەکانی پێشتری کردووە، کە بەناڕاستەوخۆ خوێنەر دەدوێنێ وەک لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا) دا هاتووە (هەمان سەرچاوە، ل٢٧٨).

ڕیتمیش گرنگی خۆی هەیە لە دیاریکردنی شێوازی تایبەتی شاعیراندا وەک وتراوە:"چاودێریکردنی ڕیتم لە پەخشانی دینیس دیدرۆتسدا (١٧١٣- ١٧٨٤)لای سپیتزەر بۆتە وێنەیەکی تەواوی هەمەلایەنەی تایبەتمەندی هونەریی نووسەر" پێتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر، ٢٠١٨، ل ١٧٤). مەبەستی سەرەکی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی ئەوەیە کە: "لە چوارچێوەی تایبەتمەندی خۆیدا لە شیعر وەک هونەری وشە دەکۆڵێتەوە" (هەمان سەرچاوە، ل ١٧٣).

دوو جۆر ستایڵ جیاکراوەتەوە کە یەکێکیان ستایڵی گەورەیەو ئەوی تر بچووک (ورد)ە، یەکەمیان ستایڵی قۆناغێک، ژانرێک، ... هتدییەو دووەمیان بە پێچەوانەوە بەشێوەیەکی چالاک لە تەنیا شیعرێک (بەرهەمێک) دەکۆڵێتەوە ... . ستایڵی بچووک لە دەورووبەرێکی تەسک و سنووردا جمووجووڵ دەکا، بۆیە پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ بەرهەمەکەدا، یان بەشێکی تایبەتی تێما (بابەتەکە)دا پەیدا دەکا. هەروەها دەکرێ لێرەدا لە یاریی نێوان ئاستی جیا جیای بونیادی ستایڵەکەدا- دەنگ، ڕیتم، بەدواییەکدا هاتن و هەڵبژاردنی وشە- بکۆڵرێتەوە(سەرچاوەی پێشوو، ل ١٧٣-١٧٤).

نووسەر لە بابەتی شیکاریی شێوازدا لە لاپەرە ٣٨١ دا چەند سەرنجێک دیاریدەکات بۆ ڕەوتی لێکۆڵینەوەی شێوازناسی بەناوی سەرنجە دوائەنجامییەکان و لە خاڵی(٢١)دا ئاماژە دەدات بە کاریگەریی ئینتەرتێکستواڵیتی لەسەر ستایڵی تێکست و ... دەڵێت: ئایا ئاوازەی هەندێ تێکستی تری تێدایە... (هەمان سەرچاوە، ل ٣٨١). کەواتە: ئاوازە یەکێکە لە کۆڵەکە بەهێزەکانی ستایڵی نووسەران و دەکرێ لەنێو دەقی نووسەرانی تردا بۆ ئاوازەی دەنگی تایبەتی نووسەرانی تر بگەڕێین و ئەم ڕیتم و ئاوازە تایبەتانە بەشێکی گرنگی دەقئاوێزانکردنن لەگەڵ نووسەرانی تر.

ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا لەلایەکەوە کار لەسەر جۆری دووەمی شێواز دەکەین بە میتۆدی دەقئاوێزان کە لە دیوانی (ملوانکەی شین) دەکۆڵینەوە لەڕووی : دەنگ و ڕیتم و هەڵبژاردنی وشە و بەدوایەکدا هاتنیانەوە، لەلایەکی ترەوە دەچینە نێو بونیادی شێوازی جۆری دووەم، کە ڕەگەزە تایبەتی و دیارەکانی ژانرە جیاوازەکان دەگرێتەوە، کە بۆ شیعر سوودی لێبینراوە. وەک پێشتریش خستمانە ڕوو لە زۆر باردا ستایڵ شەخسییەو دەبێتە نیشانەو دەنگ و ڕەنگی نووسەری پێدەناسرێتەوە(هەمان سەرچاوە، ل ٣٧٧).

**بەشی دووەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی هێمن و گۆران لە نامیلکەی (ملوانکەی شین)دا:**

**بەشی دووەم: پاری یەکەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی هێمن لە (ملوانکەی شین)دا:**

شەریف حسێن دەڵێ:

شارو کوێستانی کوردەواریم گرتە بەر
پێکەنینێکم نەدی هەرگیز، لەدڵ هاتبێتە دەر
بۆ نەگریم من، کە پەروەردەی هەوای شاری خەمم؟
چی بنووسم، غەیری ئەو فرمێسکە، چی بێ بەرهەمم؟ شەریف، نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران ل ٢٧

هێمن گوتوویەتی:

کوردەوای، ئەی وڵاتە جوانەکەم! ڕۆڵەکەم! خێزانەکەم! باوانەکەم!
.
.
هەر دەپێوم کێوو شاخ و چۆڵ و دەشت دێم بەرەو کوێستان بەرەو باخی بەهەشت

دێم بەرەو ... هتد.  ئادەگاتە ئەوەی دەڵێت:

دێم و دێم و دێم و دێم و دێم و دێم                    هێمن، ناڵەی جودایی ل٢٠٤

واتە: هەمان شێوازی داڕشتنە زمانییەکەی هێمنی بەکارهێناوەتەوە لە بنیاتنانی ڕستە شیعرییەکانیدا، لەهەمان کاتیشدا گفتوگۆی بۆچوونەکەی هێمنیشی کردووە.

لەنێوان ئەم دوو پارچەیەدا بەبیرهێنانەوە هەیە، بەتایبەت لە نێوان وشەکانی(گرتەبەر)و (هەردەپێوم) واتە: هاوواتاییەک لە شێوازی داڕشتن و بنیاتنانی هەردوو پارچە شیعرەکەدا هەیە؛ لەنێوان وشەکانی (کوێستان و کوردەواری) شدا دەبینرێتەوە، ئەم لێکنزیکییانە وایانکردووە هاوئاوازییەکی ڕوون ببینرێت. شیعری دواتر هاتوو شیعرەکەی هێمنمان بەبیر دێنێتەوە، چونکە دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵکردووە، هێمن لە ناڵەی جودایی دا ئەوەی بە بیری شاعیرانەیدا هاتبێت باسی دەکات بەشێوازی: دێم بەرەو فلان و فیسار و ... هتد. شەریف حسێن وەک کێبڕکێکەرێک بە دەقئاوێزانکردنی دەقەکەی لەگەڵ ئەوەی هێمندا دێت تیشکی سەرنجی دەخاتە سەر شارو باسی شارو کوێستانیش دەکات، گەرچی هێمن باسی شاری نەکردووە بڵێت: دێم بەرەو شار یان دیاردەو دیمەنێکی شارستانیی، ڕەنگە هێمن لە شار بێزار بووبێت و بیەوێت بگەڕێتەوە بۆ سرووشت و خۆشی ژیان لەوێدا ببینێتەوە، بەڵام شەریف حسێن دەڵێت: نە لەشارو نەلە کوێستانی کوردەواری(واتە:سرووشتی کوردەواری) پێکەنینم نەدی-خۆشیم نەدی-، واتە: کەوتۆتە گفتوگۆو کێبڕکێ لەگەڵ بیرەکەی هێمن بەئامانجی تێپەڕاندنی هێمن، کە پێم وایە نەیتوانیوە ئەو کارە بکات. بەو پێیەش شەریف گفتوگۆی لەگەڵ بیری دەقی پێشینەدا دامەزراندووە، کەئەمەش بەڕای یولیا کریستیڤا بەرزترین ئاستی دەقئاوێزانکردنە.

حسێن شەریف لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ بیری ناڵەی جوداییەکەی هێمندا بەردەوام دەبێت، کە هێمن گوتوویەتی: (مەی بۆ کەسێکە خەمی هەیەو دەردی کارییە) لەم دێڕەیدا:

بۆ مەی نیە، ساقی، کە پەنا دێنمە ئێرە

هەر کەس بە شەرابێ خەمی جانانەی تێرە                    شەریف، بادە ل ٧٢

دەڵێت: من بۆ مەی لێرە نیم، هەرکەسە (بەتایبەتی من) بە شەرابی خەم مەستم .

پاشان دەڵێت:

من هەمدەمی بادەم، کە خەمی سینە بەبا دەم

دەستم گرە گیانە وەرە بسپێرە بە بادەم

ساقی گوزەرا شەو بەفیداتم وەرە دێرە

دڵ تەنگە درەنگە وەرە سا بادە بگێڕە                    شەریف، بادە ل ٧٢

بەو شێوەیە شاعیر ساقی بانگ دەکاتەوەو دەڵێت: شەو درەنگە بە فیدات بم وەرە بادە بگێڕە، وەک ئەوەی بڵێت: من لەبەرئەوە بادە دەخۆم چونکە دڵ تەنگم و دەردم زۆرە، هەربۆیە بادەم بۆ حەرام نییە، وەک ئەوەی هێمن لە بێ خەمان حەرامی کردووە، هێمن گوتوویەتی:

ساقیا! وا بادەوە، وا بادەوە     ڕوو لەلای من کە بە جامی بادەوە

.

ئەم شەرابە تاڵە دەرمانی خەمە  لێی حەرام بێ ئەو کەسەی دەردی کەمە.

.

بۆ کەسێکە مەی کە دەردی کارییە بێ خەمێک بیخواتەوە، زۆرداریيە نالەی جودایی (هێمن)ل١٩٩

هێمن هەر سێ وشەی: (شەراب، بادە، مەی) بەکارهێناوە. شەریفیش هەرسێ وشەکەی بەکارهێناوە. هەروەها هێمن ڕەگەزدۆزی تەواوی لەنێوان وشەکانی: وا /بادەوە/و بە جامی /بادەوە/ درووستکردووە، یەکەم بەواتای پێچکردنەوە(بادانەوە) هاتووەو دووەم بەواتای مەی (بادە)یە. لەسەر هەمان شێوازی هێمن، شەریف حسێن ئەم هونەرەی لە شیعرەکەیدا تەوزیفکردووە، بەڵام لەنێوان (بەبا دەم)و(بە بادەم)دا، یەکەم بەواتای خەم بەبا دان و دووەم بەواتای بە شەرابەکەم(بە بادەکەم)، کە وشەش بەشێکی گرنگی ئاوازی ناوەوەی شیعرە:"مۆسیقای ناوەوەی شیعرخۆی لە ڕێکخستنێکی وردو جوانی وشەکانی ناو دێڕە شیعرو پاش و پێشکردنیان و دووبارەکردنەوەیاندا دەردەخات بەمەش ئاوازێکی ڕەوان بە شیعرەکە دەبەخشێ. ... هەروەها زۆرجار مۆسیقای ناوەوەی شیعر ئاستی داهێنانی شاعیرو پلەی بەراوردی نێوان شاعیران دیاریدەکات"( ئاسۆ عومەر مستەفا، ٢٠٠٩، ل١٣٠- ١٣١)، ئەم شێواز بەکارهێنانەوەی حسێن شەریف کێبڕکێی ئەدەبییەو دەیەوێت بڵێت: منیش سەربار بۆ ئەم شێوازە زمانە شیعرییەت دەکەم. واتە: هەمان شێوازی داڕشتنە زمانییەکەی هێمنی بەکارهێناوەتەوە لە بنیاتنانی ڕستە شیعرییەکانیدا، لەهەمان کاتیشدا گفتوگۆی بۆچوونەکەی هێمنیشی کردووە.

**بەشی دووەم: پاری دووەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی گۆران لە (ملوانکەی شین)دا:**

- بەکارهێنانەوەی هەمان شێوازی دەستپێک:

یەکێک لە شێوازە تایبەتییەکانی گۆران بەکارهینانی شێوازی (ئەی ... ئەی)ە وەک دەستپێکی شیعری و تەنانەت لەناوەندی کۆپلەو دێڕە شیعرەکانیشیدا، کە چەندین کۆپلەو ڕستەی شیعری پێ بنیاتناوە،" گۆران لە چەندین دێڕە هۆنراوەیدا شێوازی دەستپێکێکی تایبەتمەندی هەبووە، کە بە (ئەی...، ئەی...)گوزارشتی لە بیرەکانی کردووە. ئەم شێوە دەستپێکە وشەییەش لە سەرەتای چەند نیوە دێڕێکدا لە ئاستی ستوونیدا دووبارە بوونەتەوە، کە بوونەتە پێکهێنەری بەشێک لە ئاوازی ناوەوەی نیوە دێڕەکان بەتایبەت لە شیعری (لە بەندیخانە.. ل٢١٦-٢١٩)دا، وەک ئەزنەک دانە بەرخۆو تێهەڵچوونەوە تا گوزارشت لە بیرەکانی بکات ئەم شێوەیەی بەکارهیناوە.( سامان جەلال عەزیز،٢٠١٤، ل٢٤١-٢٤٢). وەک لە شیعری: (هاوڕێم بێ کەس(گۆران)ل٨٣) دا:

ئەی فریشتەی شیعری جوان ئەی ف ریش تەی شیع ری جوان (٧ بڕگەیی )

_ _ _ _ _ _ _ گۆران،هاوڕێم بێ کەس، ل٨٣.

هەروەها لە شیعری (بۆ بلبل(گۆران) ل ١٠٣) دا:

ئەی باڵداری ئیسک سووک ئەی باڵ دا ری ئێ سک سووک (٧ بڕگەیی )

وردیلەی دەنووک بچووک _ _ _ _ _ _ _ گۆران، بۆ بلبل ل ١٠٣

شەریف حسێن دەقئاوێزانی لە بەکارهێنانەوەی هەمان شێواز کردووە لەگەڵ ئەم شێوازە تایبەتەی نێو شیعرەکانی گۆراندا، وەک :

ئەی سەرگەردانی مانوو ئەی سەر گەر دا نی ما نوو (٧ بڕگەیی)

لێ قەوماوی بێ خانوو _ _ _ _ _ _ _ (٧ بڕگەیی)

ئەی ماڵ و منداڵ لە کۆڵ

ئاوارەی نیشتمان و چۆڵ

ئەی برای فەلەستینی
کەی مافی خۆت ئەسێنی ؟
ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان شەریف، فرمێسکێ بۆ فەلەستین ل١١

.

ئەی فەلەستینی هەژار ئەی فە لەس تی نی هە ژار (٧ بڕگەیی)
وێڵی دەستی ئیستیعمار _ _ _ _ _ _ _ (٧ بڕگەیی)

.

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان شەریف، فرمێسکێ بۆ فەلەستین ل ١٢

.

ئەی ئاوارەی فەلەستین
خانووی هەردوکمان خوێنین

.

ئەی باڵندەی بێ هێلان
ئەی وەیلانی بەستەزمان شەریف، فرمێسکێ بۆ فەلەستین(ملوانکەی شین) ل١٣

حسێن شەریف (٧) جار شێوازی (ئەی ...ئەی ... )ی بەکاریهێناوەتەوە لە شیعرەکەیدا ئەمەش دەمانگەیەنێتە ئەو ئەنجامەی شاعیری دواتر هاتوو بە ڕێکەوت دەقئاویزانی لەگەڵ شیعرە پێشینەکاندا نەکردووە، بەڵکو ئەو شێوازە زۆر جێی سەرنجی بووەو لە نەستیدا تەواو ڕەگی داکوتاوە.

هەروەها شەریف حسێن دەقئاویزانی شێوازی لە ڕووی بەکارهینانەوەی هەمان کێشیشەوە کردووە لەگەڵ هەر دوو شیعری (هاوڕێم بێ کەس(گۆران)ل٨٣)و(بۆ بلبل(گۆران)ل١٠٣)دا کە بە کێشی (٧ بڕگەیی)بنیاتنراون، ئەمە سەرباری ئەوەی وشەی (باڵندە)، کە شەریف حسێن لەگەڵ (ئەی...) بەکاریهێناوە، شێوەیەکی تری وشەی (باڵدار)ە کە گۆران بەکاریهێناوە، کە لەنێوان (ئەی باڵداری)و (ئەی باڵندەی) هاوئاوازییەک هەیە کە بەبیرهێنەرەوەی یەکترن.

کەواتە: شەریف حسێن دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ هەردوو شیعری ناوبراوی شاعیری پێشینەدا کردووە لەڕووی سوودبینین لە لایەنی شێوازی دەستپێک و داڕشتنی ئاوازی ڕستەییەوە، کە پێکهێنەری بەشێکن لە ئاوازی ناوەوەی شیعرەکان و هەروەها کێشی شیعرەکانیش، وەک ئەوەی کێشی شیعر لایەنێکی بەهێزی ئاوازی دەرەوەی شیعر بنیاتدەنێت.

- بەکارهێنانەوەی هەمان شێوازی داڕشتنی ڕستەی شیعری بە شێوەی پرس:

گۆران لە شیعری (ئاواتی دووری ل١٣) دا شێوازی پرسیاری بە وشەی پرسی (کوا.../کوانێ...)ی بەکارهێناوە بۆ بنیاتنانی ڕستە شیعرییەکانی بۆیە بە (کوا.../کوانێ ...) ڕستەکانی داڕشتووە، بەتایبەتی کۆپلەی یەکەم و چوارەمی شیعرەکە، وەک دەڵێت:

کوا باڵە تیژەکانی نیگای حوسنی دلبەرت؟
کوانێ دوو چاوی مەست؟ کوانێ؟

کوانێ برۆیی پەیوەست ؟ کوانێ؟
کوانێ زوڵفی ڕەش ؟
.
کوا هەیکەلی جەمال ؟
کوا حوسنی بێ میثال ؟ گۆران، ئاواتی دووری ل١٣
.
کوا تەماسی لەشی نەرمی ؟
.
کوا ماچی لێوی ئاڵ ؟ گۆران، ئاواتی دووری ل١٤

حسێن شەریف لە شیعری (هەڵاڵە ل٥٠)دا، دەقئاویزانی شێوازی کردووە لەگەڵ شیعری (ئاواتی دووری ل١٣-١٤)دا کە بە شێوازی پرس ڕستەکانی بنیاتناوە، وەک:

کوانێ مەیلەکەی جاری جارانت   کوا نێ مەی لە کەی جا ری جا را نت (١٠ بڕگەیی)
کوانێ هاتوچۆو ئیشارەکانت   _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ (١٠ بڕگەیی)
کوانێ ڕاوەستان، سەر ڕێگای کانی
کوانێ سێوی سوور، کوانێ گۆرانی؟   شەریف هەڵاڵە ل ٥٠

هەروەها ح. شەریف سوودی لە شێوازی ئەم دێڕەی تری گۆرانیش بینیوە:

عەشقی ئێوارەی سەرە ڕێی کانی،   عەش قی ئێ وا رەی سە رە ڕێی کا نی (١٠ بڕگەیی)
بەرئەداتە چەم کڵپەی گۆرانی !   _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ (١٠ بڕگەیی)
گەشت لە هەورامان –گۆرانی- (گۆران)ل ١٣٤

بەتایبەتی لە بەکارهێنانەوەی ئاوازی دەستەواژەی (سەر ڕێگای کانی) کە لە (سەرە ڕێی کانی) هەڵگۆزراوە، کە چ لەڕووی واتاوە نزیکن و چ لەڕووی شێوازیشەوە. ئەمە سەرباری ئەوەی وشەی (گۆرانی) لەو دوو دێڕەیاندا تەواو بەبیرهێنەرەوەی یەکن و دەقئاوێزانکردنەکە ڕوونتر دەخاتە بەرچاو. هەروەها کێشی شیعرەکەی گۆران (١٠)بڕگەییە، شاعیری دواتر هاتوو هەمان کێشی بۆ داڕشتنی شیعرەکەی بەکارهێناوە، ئەمە سەرباری ئەوەی هەمان سەرواى دێڕە شیعرەکەی گۆرانی بەکارهێناوەتەوە، کە سەرواکەیان بریتییە لە /انی/ لە نێوان وشەکانی (کانی) و (گۆرانی) دا: بەو پێیە هەردوو دێڕە شیعرەکە هاو ئاوازییەک لە ئاوازی ناوەوەیاندا هەیە لەلایەکەوە، لەلایەکی ترەوە هاوکێشی وهاوسەروایيان وایکردووە کە هاوئاوازبن لە ئاوازی دەرەوەشیاندا"هەلبەت ژ بلی بنیاتێ ریتمی یێ دەرڤە کو دکێش و سەروایێ دا بەرجەستە دبیت"( یاسرێ حەسەنی، ٢٠٠٧، ل ٣٥). لەوانەوە دەردەکەوێت، کە شەریف حسێن تەواو سوودی لە شێوازە شیعرییەکەی گۆران بینیوەو ئەو کۆپلەیەی لەسەر بنیاتناوەتەوە .

- دەقئاوێزانکردنی شێوازی (نە... نە...) ی تایبەت بە گۆران:

یەکێکی تر لە شێوازە تایبەتمەندەکانی نێو شیعرەکانی گۆران شێوازی (نە... نە...)یە، کە چەندین کۆپلەو دێڕە شیعری پێ بنیاتناوە چ لە ئاستی ستوونی و چ لەئاستی ئاسۆییدا، وەکو:

نە ئاخ لە سینەدا ئەخواتەوە پەنگ،
نە فرمێسک ئەتوانێ برژێ بە بێ دەنگ

نە زمان ئەوەستێ لەمە زیاتر،
نە قەڵەم وەک لاشەی مردوو ساردو سڕ..
نە فام لە جێگای خۆی ئەمێنێ، نە هۆش؛ گۆران، ڕۆڵەی بێ دایک ل ١٩٨
هەروەها وەکو لە شیعری:
سەردەمێک بوو: نە تریفەی مانگی هاوینم،
نە گزنگی هەتاوی سەر لووتکەی بەفرینم،
نە...
.
.
نە خەوم خەو، نە خەیاڵم، وەک خەیاڵ وا بوو، گۆران، نیاز ... ل ٤٣

شاعیر بەهۆی دووبارەکردنەوەی وشەی (نە)ڕیتمێکی خۆش و تایبەت بە شیعرەکەی دەدات و مۆسیقای ناوەوە پێکدێنێت. ئەم دووبارە بوونەوەیە ئامرازێکی هونەرییە لای شاعیرو لە شێوەی سووژێتێکی ئەلیگۆریدا؛ بەو مانایەی وێنەکان یەک لەدوای یەک دەبنە زنجیرەو شاعیر بونیادێکی تۆکمەو هاوئاهەنگی پێ دادەڕێژێت، کە سیمای ئیستاتیکی هەموو شیعرێکی بەرزە(سامان جەلال عەزیز، ٢٠١٤، ل ٢٣٥- ٢٣٦). لای گۆران وشە دووبارە بووەکان کاریگەرن و بوونەتە گیانی شیعرەکەو بوون بە بەشێکی شێوازی تایبەتی شاعیر(پەخشان عەلی ئەحمەد، ٢٠٠٩، ل١٤٨).

شەریف حسێن دەقئاوێزانی ئەم شێوازەی شیعری گۆرانی کردووە لە شیعرەکانی: (وێنە ل٦٥)و (شوان ل٨٦)، وەکو:

نە سەوزایی نە سێبەر
نە ئاهەنگی پەلەوەر ...... شەریف، وێنە ل ٦٥
نە خوڕەی ئاوی کانی
نە باخ و نەغمەکانی
نە دیمەنی بەهاران
نە باڵندەی کۆساران شەریف، شوان ل ٨٦

- شێوازی داڕشتنی شیعر بە هێنانەوەی چەند دیمەنێک و پاشان خستنە تای تەرازووەوە لەگەڵ یەکێکی تردا:

شێوازی نموونە هێنانەوەو پاشان هێنانەوەی نموونەیەکی لەوان جوانتر یان بەهێزترو بەراوردکردنیان شێوازێکی تایبەتی گۆرانە، کە لە شیعری (ئافرەت و جوانی! ل ٩)دا دەبینرێتەوە، کەچەندین وێنەی ناوازەی سرووشتمان پێشکەشدەکات، وەک: (ئەستێرەی ئاسمان، باغچەی بەهار، زەردەی دەم کەل، پەلکە زێڕینە، خوڕەی قەڵبەز، پرشنگی ناو تەم، میوەی گەیشتووی زەردوسووری باخ، جریوەو جووکەی دارستان، ئاوازی گەرووی شمشاڵ، ئاوازی تەلی کەمان و هتد)، پاشان دەڵێت: ئەمانە هەمووی بێ ڕووناکییە بێ بزەی ئازیز؛ واتە زەردەخەنەیەکی کچێک لەهەموویان بە کاریگەرتر دادەنێت و دەڵێت:

ئەمانە هەموو جوانن، شیرینن،
ڕۆشنکەرەوەی شەقامی ژینن!

بەڵام تەبیعەت هەرگیزاو هەرگیز
بێ ڕووناکی یە بێ بزەی ئازیز ؛ گۆران، ئافرەت و جوانی! ل ٩

هەروەها لە شیعری (ڕەوتێکی جوان! ل ١١)دا هەمان شێوازی بەکارهێناوە، کە چەندین نموونەی سرووشتی ناوازە دێنێتەوە کە باسی ڕەوتی(قاز، مراوی، کەو، کەروێشک، پۆڕ، کۆتر)دەکات، پاشان جوانی ژن، کە پێی ناز ئەنێ بەسەرئەرزا بە لەوان جوانتر لە قەڵەم دەداو دەڵێت:

ئەوەندە جوان، لەوە جوانتر،
.
.
پێی ناز ئەنێ بەسەر ئەرزا:
جوانێ لە بەژنێکی بەرزا !... گۆران، ڕەوتێکی جوان! ل ١١

شەریف حسێن لە شیعری (دێ ل٤٢-٤٤)دا چەندین دیمەنی جوانمان پێشکەش دەکات، نزیک لەشێوازەکەی گۆران- بەڵام بە کەمێک جیاوازییەوە، بە دیمەنێکی تر بەراوردیان دەکات، کە ژیانی شارە، شەریف حسێن دواهەمین دیمەن لەتای تەرازوودا بە بەهێزترو ناوازەترو باڵاتر ناداتە قەڵەم -کە گۆران وایکردبوو، بەڵکو پارسەنگ بەلای نموونەکانی سەرەتایدا دەداتەوە، کە ژیانی لادێیە، وەک دەڵێت:

شنەی بەربەیان یەک لە شوێن یەکا مالانی نوستوو، باوەشێن ئەکا
هەتاو لای ئەبا دیسان بە سپایی پەردەی شەو لەسەر، بووکی ئاوایی
ماڵان بەردەچن، ئاوایی ساکار گرتویە باوەش، باپیری کۆسار
ماویانە خەڵکی، ماندویی دوێنێ گزنگی هەتاو، هەڵیان دەستێنێ
ژنێ گورج و گۆڵ ئەڕوا بۆ کانی بەنەزمی جوانی لەرزانەکانی
ژنێ لە کانی ماندوو دێتەوە سەری ناوەتە سنگی گۆزەوە شەریف، دێ ل ٤٢
مراوی لەسەر چیمەنی جۆبار دەشکێنێ شەقڵی شەونمی بەهار
ئاسمانی شین و کۆچی هەورەکان پرشنگی خۆرو دەشتی سەوزو جوان
هاتوچۆی ئاسکی بزێوی سەرکۆ شنەی شەماڵ و لەرەی لەق و پۆ
جریوەی بولبول، خوڕەی جۆباران، شمشاڵی شوان و بەستەی دڵداران، شەریف، دێ ل ٤٣
مۆسیقای جوانی ژینی دێهاتن دیمەنی ڕەنگین، خاکی وڵاتن
ژینی ڕۆژێکی ئەو دێیە لەلای من ئەژی بە شاری دوکەڵ و ئاسن .... شەریف، دێ ل ٤٤

بەوشێوەیە دەبینین شەریف پاش پێشکەشکردنی چەندین دیمەنی ڕەنگینی لادێ دێت بەراوردیان دەکات بەدیمەنی شار، بەڵام بە پێچەوانەی گۆرانەوە- کە دوا دیمەنی ناوازەتر پێشکەشدەکرد، دواهەمین دیمەن کە دیمەنی شارە باڵاتر ناداتە قەڵەم، بەڵکو شار بە ژیانی دووکەڵ و ئاسن دادەنێ و هەموو ژیانی شار لای ئەم یەک ڕۆژی لادێ ناهێنێت. بەو شێوەیە شاعیری دواترهاتوو دەقئاوێزانی گۆرانی پێشینەیی کردووە، بەڵام بە شێوازێکی تاڕادەیەک تایبەتی جیاوازی خۆیەوە.

ئەم شیعرەی شەریف حسێن (دێ ل٤٢-٤٤) بەدەر نییە لەسێبەری شێوازی ئەم دێڕە شیعرانەی تری گۆران :

شنەی سێبەری داری گوێزو توو
ئەسڕێ ئارەقی ڕێبواری مانوو. گۆران، گەشت لە هەورامان ل ١٢٨
لە درەخت ئەدا شنەی بای سەحەر
جم و جوڵیەتی چەشنی سەودای سەر گۆران، گەشت لە هەورامان ل ١٣١
لەسەر جۆگەی ئاو قازو مراوی
چاوەڕێی ڕۆژن هەڵبێنێ چاوی، گۆران، گەشت لە هەورامان ل ١٣٢
بەڵام تا خوڵقی نەکا چێشتەنگاو
نایەتە ناو دێ پرشنگی هەتاو !.. گۆران، گەشت لە هەورامان ل ١٣٢
سەرچاوەی ئاوێک: کەڵکێک لەسەر:
ژنێک تێی ئەچێ، ژنێک دێتە دەر..
ئەمەش لە دێدا کانیی ژنانە،
قیبلەی دڵداریی هەرزەکارانە! گۆران، گەشت لە هەورامان ل ١٣٣
تاک و تووک دێی دوور دووکەڵی چین چین
بەرز ئەکاتەوە بۆ ئاسمانی شین! گۆران، گەشت لە قەرەداغ ل ١٤١

ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە،
ڕێی کانی- قوبان!- مونتەظیری جیلوەیی نازە گۆران، جوانی لە لادێ ل ٣٢

- دەقئاوێزانکردن لەگەڵ شێوازی دەقئاوێزانی ژانریی(التناص الأجناسي)دا:

یەکێک لە دیاردەکانی شێوازی شیعری گۆران دیمەن دیمەنکردن، یان بەش بەشکردنی شیعرە درێژەکانێتی وەک لە شیعری گەشت لە هەورامان ل١٢٧- ١٣٤ کە پێکهاتووە لە (١٠)دیمەن و هەر دیمەنە ناونیشانێکی تایبەتی خۆی هەیە، گەشت لە قەرەداغ ل ١٣٥-١٥٥ پێکهاتووە لە (٢١) دیمەن کە هەر دیمەنەی بە ژمارەیەک جیاکردۆتەوە لە ژمارە یەکەوە بەزنجیرە دەست پێدەکات تا دەگاتە ژمارە (٢١)، پەیامی کورد ل ٢٥٣-٢٦٢ پێکهاتووە لە (٨) کۆپلە کە بە ژمارە بەشبەشی کردوون لە (١)بۆ (٨)، بت بتەوان ل٢٨٢-٢٩٢ پێکهاتووە لە (١٠) بەش لەڕێی هێمای داش(-)ەوە، کە لەسەرەتای بەشە نوێکاندا دایناوە، بەشەکانی جیاکردۆتەوە، تەنیا کۆپلەی هەشتەم نەبێت ناونیشانی بۆ داناوە بە (١٤ ی تەمووز) پێش شۆڕش و دوای شۆڕشی لێک جیاکردۆتەوە(دیوانی گۆران، ١٩٨٠)، کە ئەم شێوازە تایبەتە بە ژانری شانۆ، بەڵام بۆ شیعر سوودی لێبینیوە، واتە دەقئاویزانی ڕەگەزێکی دیاری شانۆیە. هەمان شێواز لای هەردی دەبینرێتەوە، وەک لە شیعری (ئەی دیدە پەری ل ٥١-٥٢ پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، تانگۆی کوردی ل ٥٣-٥٤ پێکهاتووە لە (٢) کۆپلە، شۆڕشی نائومێدی ل ٥٥-٥٦) پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، دڵێکی تێکشکاو ل ٥٨-٦٣ پێکهاتووە لە (٥) کۆپلە، چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتمە ل ٦٨-٦٩ پێکهاتووە لە (٤)کۆپلە، دوو چەشن دڵداری ل ٧٠-٧١ پێکهاتووە لە (٥)کۆپلە، تەپڵی بەتاڵ ل ٧٢- ٧٦ پێکهاتووە لە (١٣)کۆپلە، ڕازی تەنیایی ل ٧٩- ٨٠ پێکهاتووە لە (٣)کۆپلە ، پەیامی یار ل ٨٥ پێکهاتووە لە (٣)کۆپلە:( ئەحمەد هەردی، ١٩٩١)دا، کە سوودی لە ڕەگەزی پەردە پەردەکردنی تایبەت بە شانۆ لە شیعرەکانیدا بینیوەو دەقئاویزانی لەگەڵ ئەو ژانرەدا کردووە، ئەم جۆرەی دەقئاویزان لای جیرارد جینێت، دەچێتە نێو

خانەی (کۆکەرەوەی دەق (Architextuality /ەوە، کۆکەرەوەی دەق تایبەتە بە ژانری هەر دەقێک (ڕۆمان، شیعر، چیرۆک، ... هتد) یان پۆلێنکردنی لەناو ڕەگەزە ئەدەبییەکاندا(سامان جەلال عەزیز، ٢٠١٤، ل١٥٥).

شەریف حسێن دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەم شێوازەشدا کردووە وەک لە شیعری (قوتابخانە ل ١٦- ٢٥) دا، کە بەشی کردووە لە (١) بۆ ژمارە (٧)، هەروەها لە شیعری (لانەی بایەقوش ل ٥٧- ٦٣)دا، کە بەپێی ژمارە لە (١) بۆ (٤)و هەروەها لە شیعری (ملوانکەی شین ل ٧٨- ٨٥)دا کە لە (١)ەوە بۆ (٥)بەش بەشی کردووە و هەروەها لە شیعری (خاک و خۆر ل ٩٥- ٩٨)یشدا،کە پێکهاتووە لە دوو پەردە (١)و(٢)واتە: بەپێی ژمارە پەردە پەردەی کردوون وەک دیمەنی شانۆیی یان سینەمایی. بەم شێوەیە شەریف حسێن دەقئاویزانی شێوازیی لەبەکارهێنان و سوود لێبینینی تایبەتمەندی ژانرەکانی تریشدا کردووە لەڕێی پێشینەکانییەوە وەک گۆران و هەردی.

نموونەیەکی گۆران وەک:

دیمەنی ڕێگاو بان

کۆمەڵە شاخێک سەخت و گەردن کەش،

ئاسمانی شینی گرتۆتە باوەش؛

.

.

ڕێگای ناو باخ

پێش ئەوەی بگەی بە ئاواتی دڵ

ئەکشێتە ناو باخ تووله ماری ڕێ. دیوانی گۆران- گەشت لە هەورامان، ل ١٢٧-١٢٨

وەک دەبینین شیعرەکە دیمەن دیمەن کراوەو هەر دیمەنەش ناونیشانێکی تایبەتی بۆ داناوە، بەوەش دەقئاوێزانی لەگەڵ ژانری شانۆو سینەمادا کردووە، چونکە پەردە پەردەکردن و دیمەن دیمەن کردن تایبەتە بەم ژانرانە و گۆران لە شیعردا تەوزیفیکردوون، بەوەش دەقئاویزانی ژانری بنیاتناوە.

**بەشی سێیەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی قانع وهەردی لە نامیلکەی (ملوانکەی شین)دا:**

**بەشی سێیەم: پاری یەکەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی قانع لە (ملوانکەی شین)دا:**

- دەقئاوێزان لەڕووی هاو ئاوازی درکاندن و کێش و سەرواوە:

شەریف حسێن لە شیعری (یادێ ل١٤)دا هەمان شێوازی کێش و سەروای شیعری (لە بەندیخانەدا ل٢٩٦)ی (قانع)ی بەکارهێناوەتەوە، کە کێشەکە (١٥ برگەییە)و سەرواکەی هەرچەندە یەکگرتووە، بەڵام بریتییە لە /انەیە/ وەک:

باڵی ئازادی ئەسوتێنین و دانەی پێ ئەدەین، با ڵی ئا زا دی ئە سو تێ نی نو دا نەی پێ ئە دەین

نەک ژیانی ئەو مەلە، تەنیا بە ئاوو دانەیە - - - - - - - - - - - - - - - (١٥ برگەیی)

.

سوچی بەندی بۆ دەڕازێنینەوە بێ خەم بژی

کەی نیشانەی ژینی بێ خەم ، زێوەری کاشانەیە؟

تێ دەکۆشێ هەڵفڕێ، بەندی قەفەس بۆی ناچڕێ

ئاخرین ئاواتی بەرزی دیتنی هێلانەیە

سوچی بەندخانە وایە، هەر کە ئازادی دەوێ،

بەرهەمی کاتی خەمی، ئەو نەغمە بەرزو جوانەیە
قانعم دێنێتە بیر ئاوازی باڵندەی قەفەس
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە شەریف، یادێ ل١٤
قانع گوتوویەتی:
ئاخرین ماڵی ژیانم کونجی بەندیخانەیە ئا خ رین ما ڵی ژ یا نم کون جی بەن دی خا نە یە
ئەم کەلەپچە مەرهەمی زامی دڵی دێوانەیە - - - - - - - - - - - - - - - - (١٥ بڕگەیی)

.

.

بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی
حەڵقە حەڵقەی پێوەنم بۆ پڵپڵەو لەرزانەیە قانع، لە بەندیخانەدا ل ٢٩٦

.

بیری ئازادیم لە زیندانا فراوانتر ئەبێ
قوڕ بەسەر ئەو دوژمنەی هیوای بە بەندیخانەیە قانع، لە بەندیخانەدا ل ٢٩٦

شەریف دەقئاویزانی شێوازی ئەنجامداوە لە بەکارهێنانەوەی ئاوازی ئەم فرێزانەشدا: (ئاخرین ئاواتی ، بەرهەمی کاتی خەمی، باڵی ئازادی) لەگەڵ ئاوازی ئەم فرێزانەی قانع دا: (ئاخرین ماڵی، مەرهەمی زامی دڵی، بووکی ئازادیم، بیری ئازادیم)، کە ئاوازی هەریەک لەو سێ فرێزە بەبیرهێنەرەوەی فرێزەکانی نێو شیعرەکەی قانعن .کەواتە: شاعیر دەقئاوێزانی شێوازی لە ڕووی ئاوازی ناوەوە کردووە بەهۆی بەکارهێنانەوەی ئاوازی فرێزەکانی شیعرەکەی قانعەوە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لەئاوازی دەرەوەشدا دەقئاوێزانی شێوازی کردووە بە سوودوەرگرتن لەهەمان کێش و سەروای شیعری پێشینەو بەکارهێنانەوەیان"ریتما ناڤخۆیی وەکی یا دەرڤە هەمی سەنگا خۆ نائێختە سەر مەسەلا دەنگی ب تنێ، کو بارا پتر ئەڤە دکێش و سەروایێ دا دیار دبیت، بەلکی بزاڤێ دکەت ، دگەل وێ، هندەک پەیوەندیێن دی ژی دگەل ئاستێن دی یێن دەقی خورت بکەت وەکی ئاستێ تەرکیبی یان یێ سیمانتیکی بۆ نمونە"( یاسرێ حەسەنی، ٢٠٠٧، ل٣٧). لێرەدا بەڕوونی دیارە پرۆسەی دەقئاوێزانکردنەکە بەئاگاییەوەیە، چونکە شاعیر بە ئاشکرا ناوی قانع دێنێ و کێبڕکێی ئەدەبی لەگەڵدا دەکات و دەکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵی و بەردەوامی دەدا بە بیرۆکەی شیعرەکەی قانع و چەند بۆچوونێکی خۆیشی بۆ سەربار دەکات، کە ئەوەی قانع باسی بەندیخانەو بیری ئازادییە، شەریف بابەتی سرووشت و بولبول دێنێتە ناوەوە.

- دەقئاوێزانکردن لەڕووی: زەنگی (هاوئاوازی) درکاندنیانەوە:

شەریف دەڵێ:
پاش ئەوەی کە خۆر هەڵدێ پاش ئە وەی کە خۆر هەڵ دێ (٧ بڕگەیی)
پرشنگ ئەخاتە سەردێ _ _ _ _ _ _ _ شەریف، قوتابخانە ل١٦

.

پێش ئەوەی تاریک دابێ
هەواڵێ کەوتە نێو دێ شەریف، قوتابخانە ل٢٢

.

رۆژی هەوەڵی زستان

کە سەرما هاتە کوێستان شەریف، قوتابخانە ل٢٣

ئەم چەند دێڕەی شەریف حسێن دەقئاوێزانی شێوازیی لەئاستی کێش و سەرواو ئاوازی ناوەوەی شیعری (مازوو چنینی لادێ)ی (قانع)ە: ١- چەند وشەو فرێزێکی قانعی بەکارهێناوەتەوە وەکو: (پێش ئەوەی/ پاش ئەوەی) و(تاریک دابێ)و(ڕۆژی)و(ئەوەڵ/ هەوەڵ) ،٢- سەرواى /ێ/ی بەکاهێناوەتەوە کە قانع بەکاریهێناوە،٣- شەریف حسێن بەکێشی(٧)برگەیی بنیاتی شیعرەکەی داڕشتووە، کەهەمان کێشە بەکارهێنراوەکەی (قانع)ە. بۆیە لەڕووی ئاوازوو شێوازی درکاندنەوە شەریف حسێن لەو شیعرەدا دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ شیعرەکەی قانعدا کردووە لەڕووی هاوئاوازی و زەنگی درکاندنەوە. قانع گوتوویەتی:

پێش ئەوەی تاریک دابێ پێش ئە وەی تا ریک دا بێ (٧ برگە)

ئەگەنۆ نزیکی دێ _ _ _ _ _ _ _ _ مازووچنینی لادێ ل٣٩١

ڕۆژی نەورۆز ئەوەڵ ساڵ

ئەکەونە ئیش کوڕو کاڵ قانع، مازوو چنینی لادێ ل٣٨٨

- دەقئاوێزانکردن لەڕووی: زەنگی (هاوئاوازی) درکاندنیانەوە:

شەریف حسێن بەئاگاوە دەقئاوێزانی کردووە لەگەڵ ئەم شیعرەی قانع دا لەڕووی ئاوازی درکاندنەوە، بەئاشکراش ناوی قانع دینێ:

شەریف دەڵێ:

شیعری خاوێنم دەوێ خوێنی دڵ و زاری نەبێ

ڕەنگی فرمێسکی دەروون و بۆنی خەمباری نەبێ

بۆچی قانع بم لە ژینا، بۆ ئەبێ هەوڵێ نەدەم؟

بۆ ئەبێ دەس هەڵگرم، تاکو بە ئامانجم نەگەم؟ نامەێ بۆ کۆڕی شاعیران(شەریف) ل٢٦

قانع گوتوویەتی:

بووکی ئازادیم ئەوێ خوێنم خەنەس بۆ دەست و پێی

حەڵقە حەڵقەی پێوەنم بۆ پڵپڵە و لەرزانەیە

.

قانعم ئەمرۆ لە زیندانا بە ئازادی ئەژیم

سەد هەزار لەحنەت لەوەی وا نۆکەری بێگانەیە لە بەندیخانەدا(قانع) ل٢٩٦

شەریف حسێن دەقئاوێزانە شێوازییەکەی لەئاستی دەقئاویزانێکی گەردانییدایە، کە شێوە گەردانێکی تری هەمان وشەی بەکارهێنراوی قانع بەکاردێنێتەوە، وەک لە نێوان وشەو فرێزەکانی: (ئەوێ/ دەوێ)و (خوێنی/ خوێنم)و (لەژینا/ ئەژیم)دا جگە لەوەی وشەی (لەژینا) هاوئاوازیشە لەگەڵ (لەزیندانا). قانع بۆ گەیاندنی بیرەکەی شێوازی ڕاگەیاندنی بەکارهیناوە کە ڕاستەوخۆ زانیارییەکانی پێشکەشکردووە، بەڵام شەریف حسێن شێوازی پرسیاری بۆ گەیاندنی بیرەکەی هەڵبژاردووە، کەڕستەکانی بەشێوەی پرسیاری پێشکەشکردووە. هەروەها لەڕووی بیرەوە شەریف حسێن کیبڕکێی بیرەکەی قانع دەکا. قانع دەڵێ: (قانعم .... ئەژیم.)، کەچی شەریف حسێن بیری قانیع بوون ڕەتدەکاتەوەو

دەیەوێ بیرەکەی ئەو تێپەڕێنێ و دەڵێت: (بۆچی قانع بم لە ژینا، بۆ ئەبێ هەوڵێ نەدەم؟بۆ ئەبێ دەس هەڵگرم، تاکو بە ئامانجم نەگەم؟)، ئەمەش جۆرێکی تری دەقئاوێزانکردنی پێشینەیە لەڕووی ڕەتکردنەوەی بیری پێشینەو هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی، کە شەریف حسێن دەیەوێت بڵێ: من لە قانع شۆڕشگێڕترو کۆڵنەدەرترم.

**بەشی سێیەم: پاری دووەم: دەقئاوێزانی شێوازی شیعریی هەردی لە (ملوانکەی شین)دا:**

- دەقئاوێزانی شێوازی لە بەکارهێنانەوەی هەمان کێش و سەروادا:

شەریف حسێن لەم دێڕانەدا سوودی لە شێوازی هەردی بینیوەو کێڕکێی لەگەڵ کردووە:

لە شیعری (دیل ل١٠) دا بەتایبەت لەم دێڕانەدا:

وەکو ئاوی بنی گۆمێ کە جێ مابێ لە ڕووبارێ وە کو ئا وی ب نی گۆ مێ کە جێ ما بێ لە ڕوو با رێ(١٦)
وەکو بەردی سەری شاخێ کە دانرابێ لە دیوارێ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _(١٦)
وەکو کاتێ گەڵای زەردێ دەسی بەربێ لەسەر دارێ
دڵم تەنگە لە تەنیایی نە هاوڕازێ نە خەمخۆرێ شەریف، دیل (ملوانکەی شین) ل١٠

.

لە تاریکی ژیانم دا، لە سوچی سەردی زیندانا
بەمۆرەی نەردی ناکامی، بە جارێ عومری خۆم دانا
بەڵێ ئەوساتە لاوێ بووم وەلێ ئێستا وەها پیرم
هەیە جارێ بەسەرهاتی خەمینی خۆم نیە بیرم شەریف، دیل (ملوانکەی شین) ل١٠

دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ شیعری (ڕازی تەنیایی ل٧٩،٨٠)و (دڵێکی شکاو ل٥٩) ی هەردیدا کردووە، وەک لەم دێڕانەدا دیارن:

لە تەنیایی شەوی ژینا ، ئەنێم هەنگاوی کوێرانە! لە تەن یا یی شە وی ژی نا ئە نێم هەن گا وی کوێ را نە(١٦)
نی یە دەستێ، دەرمبێنێ لەناو ئەم گۆڕە وێرانە _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _(١٦)
نی یە جوانێ ، سەری کاسم، بنێمە سەر دڵی نەرمی!
کە هیلاکی لەشم دەرکا ، خەوی سەر باوەشی گەرمی
ئەگێڕم چاوی بێ تینم ، بە تاریکی شەوا ، سەرسام
نی یە پرشنگی دوو چاوێ، کە ڕووناکی بکا ، ڕێگام..! ڕازی تەنیایی (هەردی) ل ٧٩

هەردی کۆپلەی کۆتایی (ڕازی تەنیایی) بەم سەروایە کۆتایی پێدێنێت /ایێ/:

نی یە هەر دەنگی هیچ نایێ،
لە هیچ شوێنێ لە هیچ لایێ
شەقەی باڵێ شنەی بایێ.. ! ڕازی تەنیایی ل ٨٠

حسێن شەریف لەناو ئەو جووتە سەروایانەدا، کە هەردی لە داڕشتنی شیعری (ڕازی تەنیایی) دا بەکاریهێناوە سەروای سێ نیوە دێڕی کۆتایی شیعرەکەی وەرگرتووەو دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ بنیاتناوە، کە بریتییە لە /ایێ/، بەتایبەت لە چوار نیوە دێڕی یەکەمی شیعری (دیل) دا کە سێ نیوە دێڕی یەکەمی پێ داڕشتووەتەوە، بەڵام لە نیوە دێڕی چوارەمدا تەنیا دەنگەکانی /یێ/ی بەکارهێناوەتەوە وەک سەروا. ئەم سەروا بەکارهێنانەوەیە بریتییە لە بەکارهێنانەوەی بەشێک لە ئاوازی دەرەوەی شیعر، چونکە سەروا دامەزرێنەری بەشێکی سەرەکی ئاوازی دەرەوەی

شیعره. ئەم هاوئاوازی سەروایەش بیرخەرەوەیەکی تەواوی شیعری پێشینەیە ئەمە لەلایەکەوە. لەلایەکی تریشەوە شەریف سوودی لە کێشی شیعرەکەی هەردی بینیوەتەوەو شیعرەکەی خۆیی لەسەر بنیاتناوە، کە کێشی شیعرەکەی هەردی (١٦ بڕگەیی)ەو شاعیری دواتر هاتوو شیعرەکەیی لەسەر هەمان کێش بنیاتناوە، کێشی شیعریش بەشێکی سەرەکی ئاوازی ناوەوەی شیعر پێکدێنێت، کەواتە: شەریف دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ شیعرەکەی هەردی کردووە لەڕووی بەکارهێنانەوەی هەمان کێشیشەوە.

ئەمە سەرباری ئەوەی دەستەواژەکانی (لە تاریکی ژیانم دا، بەڵێ ئەوساتە لاوێ بووم) بەبیرهێنەرەوەو بەڵگەی بەهێزی تری دەقئاوێزانکردنەکەن لەگەڵ شێوازە شیعرییەکەی هەردی، کە شەریف بەکەمێک گۆڕینەوە بەکاریهێناون: یەکەمیان (لە تاریکی ژیانم دا) لە هەمان شیعری هەردی لە دوو دەستەواژەی (لە تەنیایی شەوی ژینا/ بەتاریکی شەوا) وەریگرتووەو دەستە واژەی (لە تاریکی ژیانم دا)ی لێ داڕشتووە، هەروەها فرێزی (لە تەنیایی)ی لە نیوە دێڕی چوارەمدا وەک خۆی بەکارهێناوەتەوە، هەروەها دەستەواژەی دووەمیشی لە شیعری (دڵێکی شکاو ل٥٩) وە هێناوە:

<u>بەڵێ ئەوسا دڵێکم بوو</u>، کە سەرچاوەی ژیانم بوو بە لێ ئەو سا د لێ کم بوو کە سەر چا وەی ژ یا نم بوو(١٦)

دڵێ: مەڵبەندی ئاوات و تەوژم و تینی گیانم بوو _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ (١٦)

لەلایەکەوە ئاوازی دەنگیی ئەو دەستەواژەیەی دووبارەکردۆتەوەو دەستەواژەی (بەڵێ ئەوساتە لاوێ بووم)ی لێ بەرهەمهێناوە، هەروەها لەلایەکی ترەوە شیعری (دڵێکی شکاو)یش لەسەر کێشی (١٦ بڕگەیی) بنیاتنراوە، کە سەرجەمی شیعرەکەی شاعیری دواتر هاتوو بەو کێشە بنیاتنراوە. کەواتە: ئەم شیعرە هاو ئاوازی شیعرەکانی هەردی و شێوازە شیعرییەکەیەتی و بەبیر هینەرەوەی شیعرە پێشینەکانن، بەوەش دەقئاوێزانی شێوازپێکهاتووە.

- هاو ئاوازی داڕشتنی زمانی شیعری:

1 - بەکارهێنانەوەی هەمان شێوازی دەستپێکی شیعرو داڕشتنی زمانی، وەک: شەریف دەڵێت:

تا پەری شیعرم نەدی، هەرساتە بیرێ وام هەبوو

<u>داخەکەم</u> چاوی پەریش، غەیری خەوی تێدا نەبوو شەریف، نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران، ل٢٧

ئەم شێوازی دەستپێکردنە ڕستەی شیعرییە بە (داخەکەم) هاو شێوەی ئەم دێڕە شیعرەی هەردییە:

<u>داخەکەم</u>، کاتێ کە دێمە بەردەمت، واقی وڕم

وام ئەشێوێنێ بەجۆرێ نایەڵێ هیچ دەربڕم.. ! هەردی، چەپکە گوڵێک بۆ ست فاتیمە، ل٦٩

واتە: هاو ئاوازی داڕشتنە زمانییەکەیان بەبیرهێنەرەوەی یەکترن، کەواتە: شەریف دەقئاوێزانی لەگەڵ شێوازەکەی هەردی کردووە.

2 - شەریف لەبنیاتی هەمان شیعردا بەردەوامبووە لە دەقئاوێزانکردن لەگەڵ شێوازی شیعریی هەردی لەڕووی بەکارهێنانەوەی ئاوازە پێکهێنەری ڕستە شیعرییەکانی، وەک لە دێڕی:

بۆ <u>گوڵی</u> شادی گەڕام ماوەی، هەتا بیدۆزمەوە بۆگو ڵی شا دی گە ڕام ما وەی هە تا بی دۆز مە وە (١٥)

<u>تاکو بەرگی بووکی شیعری پێ بڕازێنمەوە</u> _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ (١٥)

شەریف،نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران ل٢٧

کە نیوە دێڕی دووەم (تاکو بەرگی بووکی شیعری پێ بڕازێنمەوە) هاوئاوازە لەگەڵ نیوە دێڕی چوارەمی ئەم کۆپلەیەی هەردی:

باخەوان بۆ ئەو مەبەستە <u>گوڵ</u> ئەلاوێنێتەوە : با خە وان بۆ ئەو مە بەس تە گوڵ ئە لا وێ نێ تە وە (١٥)

بۆ ئەوەی گەورەی بکاو بۆ پارە بیگۆڕێتەوە _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ _ (١٥)

بیفرۆشێ بەو کەسەی خەڵقی ئەڕووتێنێتەوە!

بۆ ئەوەی مێزی شەرابی پێ بڕازێنێتەوە ... هەردی، دوو چەشن دڵداری ل٧٠

3 - ئەوە لە ڕوویەکەوە، لە ڕووی کـێش و سەرواشـەوە کە ئـاوازی دەرەوەی شـیعرەکەیان پێکهێنـاوە، شـەریف دەقئـاوێزانی شـێوازی کـردووە، هەمـان کێشـی شـیعری بەکارهێنـاوەتەوە لە بنیاتنـانی شـیعرەکەدا، کە (١٥) بـڕگەییە، هەروەها سێ دەنگی کۆتایی سەرواکەی کە /ەوە/یە هەمـان سـێ دەنگی کۆتـایی سـەروای شـیعرەکەی هەردییە. بەو شێوەیە شاعیری دواتـر هـاتوو دەقئاوێزانی شـێوازی لەگەڵ شـێوازی شـیعری شـاعیری پێشـینەدا کـردووە، لە ڕووی هاوئاوازی داڕشتنی ڕستەی شیعریی کە بەشێکە لە ئاوازی نـاوەوەی شـیعرو لەڕووی کـێش و سەرواشـەوە، کە ئـاوازی دەرەوەی شیعر پێکدێنن.

- دەقئاویزان لەگەڵ شێوازی بیرکردنەوەو داڕشتنی بیرۆکەی شیعرەکە:

هەردی گوتوویەتی:

بەسەرسامی لەسەر لوتکەی بڵندی گەنجی وەستاوم!

شریتی عومری ڕابوردووم وەکو خەو دێتە بەرچاوم هەردی، دڵێکی شکاو..! ل٥٨

شریتی چی؟ سەراپا سەرگوروشتەی نا ئومێدیمە

فلیمی پڕ لە ناسۆری هەرەس هێنانی لاویمە هەردی، دڵێکی شکاو..! ل٥٩

شەریف دەقئاویزانی لەگەڵ بیرۆکەی شیعرەکەی هەردی کردووە، هەردی باسی ژینی سەردەمی لاویی (ڕابـردوو)ی دەکـات، کە وەکـو خەو (خەیـاڵ) دێـتە بەرچـاوی و پـڕە لە نائومیـدی. کەچـی شـەریف ئەم بیـرۆکەیە بەکەمێـک دەستکارییەوە تەوزیفدەکاتەوەو دەڵێت:

پەپولەی خەیاڵ سەرمەست و هێمن

دەپێوێ سینگی ئاسمانی بێ بن

دەفتەری ژینم پەڕ ئەداتەوە

لاپەڕەی لاویم، بیرئەخاتەوە

ئەم هۆنراوانە، تۆم دێنێتە بیر

پێکەنینێ تاڵ دەباتەوە لە بیر: شەریف، پەپولەی خەیاڵ ل ٦٨

شاعیری دواتر هاتوو: لەبری (شریتی عـومری ڕابـردوو)، (دەفـتەری ژیـن) بەکـاردێنێ، کە هەردووکیـان تۆمـارکەری ژیانی ڕابردوویانن هی سەردەمی (لاوی)، هەروەهـا هەردی ئەو رابـردووەی (دێـتەوە بەر چـاو وەکـو خەو)، لەکاتێکـدا شاعیری دواتر هاتوو رابردووەکەی سەردەمی لاوی کە لەلاپەڕەدا تۆمارکراوە بیـردەکەوێتەوە (لاویـم بیـر ئەخـاتەوە ) لەڕێـی هەڵـدانەوەی لاپەڕەکـانەوە لەلایەن پەپـوولەی خەیـاڵەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێـت شـاعیری دواتـر هـاتوو دەقئاوێزانی لەگەڵ شێوە داڕشـتنە شـیعرییەکەی هەردیـدا کـردووە، کە شـێوازی گێـڕانەوەی ژیـانی ڕابـردووە بەهـۆی خەیـاڵکردنەوەوە. ئەمە لەگەڵ ئەوەی شـەریف حسـێن هەوڵـی تێپەڕانـدنی بیـرۆکەکەی هەردی داوە لەوەدا دژ بەو تەوزیفی بیرەکەی کردووە ، کە ڕابـردووی ژیـانی شـیعرەکەی هەردی سـەراپا پـڕە لە نائومیـدیی، بەڵام رابـردووی نـاو شیعرەکەی شەریف ئەوەندە گەشە پێکەنینی تاڵی (نائومیدی)ئێستای لەبیـر دەبـاتەوە. کە ئەمەش دەقئـاوێزانکردنە لە ئاستی دامەزراندنی گفتوگۆدا.

**ئەنجام**

١ - شەریف لە شیعرەکانی: (بادە، نامەیێ بۆ کۆڕی شاعیران) دا گفتوگۆی لەگەڵ بیری دەقی (ناڵەی جودایی) هێمن دا دامەزراندووە. شەریف شێوازی دارشتنە زمانییەکەی هێمنی بەکارهێناوەتەوە لە بنیاتنانی ڕستە شیعرییەکانیداو گفتوگۆی بۆچوونەکەی هێمنیشی کردووە، کە هێمن لە ناڵەی جودایی دا ئەوەی بە بیری شاعیرانەیدا هاتبێت باسی دەکات بەشێوازی: دێم بەرەو فڵان و فیسار و ... هتد، شەریف حسێنیش وەک کێبرکێکەرێک بە دەقئاوێزانکردن لەگەڵ ئەو شێوازەی هێمندا دێت تیشکی سەرنجی دەخاتە سەر شارو باسی شارو کوێستانیش دەکات، بەوشیوەیە کەوتۆتە گفتوگۆو کێبرکێ لەگەڵ بیرەکەی هێمندا، بەئامانجی تێپەڕاندنی هێمن.

٢ - شەریف حسێن (٧) جار شێوازی (ئەی ...ئەی ... )ی گۆرانی بەکاریهێناوەتەوە لە شیعرەکەیدا ئەمەش ئەنجامی ئەوەیە شاعیری دواتر هاتووە بە ڕێکەوت دەقئاویزانی لەگەڵ گۆراندا نەکردووە، بەڵکو ئەو شێوازە زۆر جێی سەرنجی بووەو لە نەستیدا تەواو ڕەگی داکوتاوە.

٣ - گۆران لە شیعری (ئاواتی دووری ل١٣) دا شێوازی پرسیاری بەکارهێناوە بەهۆی وشەی پرسی (کوا.../کوانێ...)وە بنیاتی ڕستە شیعرییەکانی ناوەو بە (کوا.../کوانێ ...) ڕستەکانی داڕشتووە. حسێن شەریف لە شیعری (هەڵاڵە ل٥٠)دا، دەقئاویزانی شێوازی کردووە لەگەڵ شێوازی ئەم شیعرەداو بە شێوازی پرس ڕستەکانی بنیاتناوە.

٤ - یەکێک لە شێوازە تایبەتمەندەکانی نێو شیعرەکانی گۆران شێوازی (نە... نە...)یە، کە چەندین کۆپلەو دێرە شیعری پێ بنیاتناوە چ لە ئاستی ستوونی و چ لەئاستی ئاسۆییدا. شەریف حسێن دەقئاوێزانی ئەم شێوازەی شیعری گۆرانی کردووە بەتایبەتی لە شیعرەکانی: (وێنە ل٦٥)و (شوان ل٨٦)دا وەک دەسپێکی ڕستەی شیعری و داڕشتنیان.

٥ - شێوازی نموونە هێنانەوەو پاشان هێنانەوەی نموونەیەکی لەوان جوانتر یان بەهێزترو بەراوردکردنیان، شێوازێکی تایبەتی گۆرانە، کە بەتایبەت لە شیعری (ئافرەت و جوانی! ل ٩)دا دەبینرێت. شەریف حسێن لە شیعری (دێ ل٤٢-٤٤)دا چەندین دیمەنی جوانمان پێشکەش دەکات، نزیک لەشێوازەکەی گۆران- بەڵام بە کەمێک جیاوازییەوە، بە دیمەنێکی تر بەراوردیان دەکات، کە ژیانی شارە، شەریف حسێن دواهەمین دیمەن لەتای تەرازوودا بە ناوازەتر ناداتە قەڵەم وەک گۆران، بەڵکو پارسەنگ بەلای نموونەکانی سەرەتایدا دەداتەوە، کە ژیانی لادێیە، شار بە ژیانی دووکەڵ و ئاسن دادەنێ و هەموو ژیانی شار لای ئەم یەک ڕۆژی لادێ ناهێنێت. بەو شێوەیە شەریف دەقئاوێزانی ئەم شێوازەی گۆرانی پێشینەیی کردووە، بەڵام بە شێوازێکی تایبەتی جیاوازی خۆیەوە.

٦ - یەکێک لە دیاردەکانی شێوازی شیعری گۆران دیمەن دیمەنکردن، یان بەش بەشکردنی شیعرە درێژەکانێتی؛ ئەم شێوازەش تایبەتە بە ژانری شانۆو سینەما، گۆران بۆ شیعر سوودی لێبینیوەو لە شیعرەکانیدا تەوزیفیکردوون، واتە: دەقئاویزانی لەگەڵ ئەم ڕەگەزەی دیاری شانۆدا کردووە. هەروەها هەمان شێواز لای هەردی دەبینرێتەوە. شەریف حسێن دەقئاوێزانی لەگەڵ ئەم شێوازەشدا کردووە وەک لە شیعرەکانی: (قوتابخانە ل١٦- ٢٥) دا، (لانەی بایەقوش ل ٥٧- ٦٣)، (ملوانکەی شین ل ٧٨- ٨٥)، (خاک و خۆر ل٩٥- ٩٨)داو بەپێی ژمارە پەردە پەردەی کردوون. بەم شێوەیە شەریف حسێن دەقئاویزانی شێوازیی لەبەکارهێنان و سوود لێبینینی تایبەتمەندی ژانری شانۆ یان سینەمادا کردووە لەڕێی (گۆران و هەردی)یەوە .

٧ - شەریف حسێن لە شیعری (یادێ ل١٤)دا هەمان شێوازی کێش و سەروای شیعری (لە بەندیخانەدا ل٢٩٦)ی (قانع)ی بەکارهێناوەتەوە، کێشەکە (١٥ برگەییە)و سەرواکەش بریتییە لە /انەیە/. شەریف دەقئاویزانی شێوازی

ئەنجامـداوە لە بەکارهێنـانەوەی ئـاوازی چەنـدین فرێزیشـدا، کە ئـاوازی فرێزەکـان بەبیـرهێنەرەوەی فرێزەکـانی نێـو شیعرەکەی قانعن .کەواتە: شاعیر دەقئاوێزانی شێوازی لە ڕووی ئاوازی ناوەوە کردووە لەلایەکەوە، لەلایەکی تریشەوە لەئاوازی دەرەوەشـدا دەقئـاوێزانی شـێوازی کـردووە بە سـوودوەرگرتن لەهەمـان کـێش و سـەرواى شـیعری پێشـینەو بەکارهێنانەوەیـان. لێـرەدا پرۆسـەی دەقئـاوێزانکردنەکە بەئاگاییەوەیە، چـونکە شـاعیر بە ئاشـکرا نـاوی قـانع دێنـێ و کێبرکێی ئەدەبی لەگەڵدا دەکات و چەند بۆچوونێکی خۆی بۆ بۆچوونەکەی قانع سەربار دەکات.

٨ - شەریف حسێن لە شیعری (قوتابخانە ل١٦-٢٣)دا دەقئاوێزانی شێوازیی کردووە لەگەڵ (مازوو چنینـی لادێ)ی (قانع)دا لەئاستی کێش و سەرواو ئاوازی ناوەوەی شیعرەکە: ١- چەند وشەو فرێزێکی قـانعی بەکارهێنـاوەتەوە وەکـو: (پێش ئەوەی/ پاش ئەوەی) و(تاریک دابـێ)و(ڕۆژی)و(ئەوەڵ/ هەوەڵ)،٢- سـەروای /ێ/ی بەکاهێنـاوەتەوە ،٣- هەمـان کێشی بەکارهێناوە. بۆیە شەریف حسێن لەم شیعرەشدا لەڕووی هاوئاوازی و زەنگی درکاندنەوە دەقئاوێزانی شـێوازی لەگەڵ شیعرەکەی قانعدا کردووە.

٩ - شەریف حسێن بەئاگاوە لە شیعری (نامەێ بۆ کۆڕی شاعیران ل٢٦)دەقئاوێزانی کردووە لەگەڵ (لە بەندیخانەدا ل٢٩٦) قانع دا لەڕووی ئاوازی درکاندنەوە. دەقئاوێزانە شێوازییەکەی لەئاستی دەقئاویزانێکی گەردانییـدایە، کە شـێوە گەردانێکی تری هەمان وشـەی بەکـارهێنراوی قـانع بەکـاردێنێتەوە، وەک لە نێـوان وشـەو فرێزەکـانی: (ئەوێ/ دەوێ)و (خوێنی/ خوێنم)و (لەژینا/ ئەژیم)دا. شەریف حسێن بیری قانیع بوون ڕەتدەکاتەوەو دەیەوێ بیرەکەی قانع تێپەڕێنێ، کە ئەمە جۆرێکی تری دەقئاوێزانکردنە لەڕووی ڕەتکردنەوەی بیری پێشینەو هەوڵدان بۆ تـێپەڕاندنی.

١٠ - شەریف حسێن سوودی لە شێوازی هەردی بینیوەو کێبرکێی لەگەڵ کردووە بەتایبەت لە شیعری (دیل ل١٠) دا، دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵ شیعری (ڕازی تەنیایی ل٧٩،٨٠)و (دڵێکی شکاو ل٥٩) ی هەردیدا کـردووە. حسـێن شـەریف سەروای سـێ نیـوە دێـڕی کۆتـایی شـیعری (ڕازی تەنیـایی)ی وەرگرتـووەو دەقئـاوێزانی شـێوازی لەگەڵ بنیاتنـاوە، کە بـریتییە لە /ایـێ/. ئەمە بەکارهێنـانەوەی بەشـێکە لە ئـاوازی دەرەوەی شـیعر ئەمە لەلایەکەوە. لەلایەکـی تریشـەوە شـەریف سـوودی لە کێشـی هەردوو شـیعرەکەی هەردی بینیـوەتەوەو شـیعرەکەی خـۆیی لەسـەر بنیاتنـاوە، کە (١٦ برگەیی)ن، کێشـی شـیعریش بەشـێکی سـەرەکی ئـاوازی نـاوەوەی شـیعر پێکـدێنێت. کەواتە: ئەم شیعرە هـاو ئـاوازی شیعرەکانی هەردی و شێوازە شیعرییەکەیەتی، بەوەش دەقئاوێزانی شێوازی لەگەڵکردووە.

١١- شـەریف دەقئـاویزانی لەگەڵ بیـرۆکەکەی شـیعری ( دڵێکـی شـکاو..!)ی هەردی کـردووە لە ئاسـتی دامەزرانـدنی گفتوگۆدا، کە باسـی ژینـی لاویـی دەکـات، کە وەکـو خەو (خەیـاڵ) دێـتە بەرچـاوی و پـڕە لە نائومیـدی. شـەریف ئەم بیـرۆکەیە بەکەمێـک دەسـتکارییەوە تەوزیفکـردۆتەوە لە شـیعری (پەپـولەی خەیـاڵ ل٦٨)دا لەبـری (شـریتی عـومری ڕابردوو)، (دەفتەری ژین) بەکاردێنێ، کە هەردووکیان تۆمارکەری ژیانی ڕابردوویانن هی سـەردەمی (لاوی)، هەروەهـا هەردی رابردووی (دێتەوە بەر چاو وەکو خەو)، لەکاتێکدا شاعیری دواتر هاتوو رابردووەکەی سەردەمی لاویـی لەڕێـی هەڵدانەوەی لاپەڕەکانەوە بیردەکەوێتەوە بەهۆی پەپوولەی خەیاڵەوە. ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاعیری دواتر هاتوو دەقئاوێزانی لەگەڵ شێوە داڕشتنە گێڕانەوەییە شیعرییەکەی هەردیدا کردووە، کە شێوازی گێڕانەوەی ژیانی ڕابردووە بەهۆی خەیاڵکردنەوەوە. هەروەها شەریف حسێن هەوڵی تێپەڕانـدنی بیـرۆکەکەی هەردی داوەو بە جیـاواز تەوزیفـی بیرەکەیی کردووە ، کە ژینی ڕابردووی شیعرەکەی هەردی سەراپا پڕە لە نائومیـدیی، بەڵام رابـردووی نـاو شـیعرەکەی شەریف ئەوەندە گەشە پێکەنینی تاڵی (نائومیدی)ئێستای لەبیر دەباتەوە.

**سەرچاوەکان**

**دیوانەکان:**

١- شەریف حسێن پەناهی (شەریف ح.)– ناملیکەی ملوانکەی شین، ئامادەکردنی: ئەنوەر حسێن بازگرو لوقمان ڕەئوف، سلێمانی، چاپی سێیەم، ٢٠١٣.

٢- قانع (دیوانی قانع)، کۆکردنەوەی بورهان قانع، چاپخانەی دالاهو، خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا، تاران، چاپی هەشتەم، ٢٠١٤.

٣ - گۆران (دیوانی گۆران)- سەرجەمی بەرهەمی گۆران بەرگی یەکەم، محمدی مەلا کریم- کۆی کردوەتەوەو ئامادەی کردوەو پێشەکیو پەراوێزی بۆ نووسیوە، بەغدا، چاپخانەی کۆڕی زانیاری عێراق، ١٩٨٠.

٤- هەردی (ئەحمەد هەردی)- ڕازی تەنیایی، انتشارات محمدی، سەقز، چاپی سێیەم، ١٩٩١.

٥ - هێمن (دیوانی هێمن موکریانی)- سەرجەمی شیعری مامۆستا هێمن، انتشارات کوردستان، سنە،٢٠١٥.

**سەرچاوەی کوردی:**

٦- ئاسۆ عومەر مستەفا، بەها ئێستاتیکییەکانی شیعر،دەزگای توێژینەوەو بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی خانی، دهۆک، کوردستان، چاپی یەکەم، ٢٠٠٩.

٧- پەخشان عەلی ئەحمەد، شێوازی شیعری گۆران، چاپخانەی ڕەنج، سلێمانی، ٢٠٠٩.

٨- پێتەر هاڵبێرگ و دانەرانی تر(ئامادەکردن و وەرگێڕانی:ئەنوەر قادر محمد)، تیۆریی ئەدەبی و شێوازناسی، چاپخانەی ئەندێشە، چاپی سێیەم،٢٠١٨.

٩- هەڵمەت بایز(د.)، دەقئاوێزان لە ڕۆمانی (دواهەمین هەناری دونیا)ی بەختیار عەلی دا ، چاپخانەی شەهاب، هەولێر ، ٢٠١٣ .

١٠- یاسرێ حەسەنی، بنیاتێ ریتمی د شعرا نوویا کوردی دا، چاپخانەیا حەجی هاشم ، هەولێر، چ ١، ٢٠٠٧.

**سەرچاوەی عەرەبی:**

١١- احمد ناهم(د.)، التناص في الشعر الرواد، دار الشؤن الثقافة العامة، بغداد، ط ١، ٢٠٠٤.

١٢ - محمد عبدالرضا شياع(د)، الخلفية النصية الأسبانية والشعر العربي المعاصر(بحث في التفاعل النصي)، دمشق، ط١، ٢٠١٣.

١٣- حافظ المغربي(د.)، التناص وتحولات الخطاب الشعري المعاصر، ٢٠٠٩.

**نامەی ئەکادیمی کوردی:**

١٤- سامان جلال عەزیز، شیعری گۆرانو چەمکی ئیمەیجیزم، نامەی ماستەر، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، ٢٠١٠.

١٥ - سامان جەلال عەزیز، دەقئاوێزانی شیعری گۆران لە شیعری (هەردی، دیلان، ع. ح. ب، کامەران)دا، نامەیەکە پێشکەشی فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکانی سکوڵی زمان، بەشی کوردی زانکۆی سلێمانیی کراوە، وەك بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، ٢٠١٤.

١٦- شنۆ محەمەد مەحمود، دەقئاوێزان لە شیعری نوێی کوردیدا بە نموونەی (پیرەمێرد، گۆران، لەتیف هەڵمەت)، نامەیەکە پێشکەشی ئەنجومەنی کۆلیژی زمان کراوە لە زانکۆی سەلاحەدین- هەولێر، بەشێکە لە پێداویستییەکانی پلەی دکتۆرا لە ئەدەبی کوردیدا، ٢٠١١.

**نامەی ئەکادیمی عەرەبی:**

١٧- يسرى خلف حسين، التناص في شعر حميد سعيد، رسالة ماجستير آداب، جامعة بغداد- ابن رشد- كلية التربية، قسم اللغة العربية- الادب، ٢٠٠٢.